هەڵبژاردنی نێچیرڤان بارزانی بە

دانپێدانانە بەسەرکەتوویی لە ئاستی ئەورووپا و ئەمریکاو

سیاسی
گوڵان
ژمارە (٧٧١)
٢٠١٠/٣/١

بـــاشترین پشتیوانکاری وەرزشی لەعێراقدا

حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

بەیانی زانکۆی واشنتۆن- جیفرسۆن

((زانکۆی واشنتۆن –جیفرسۆن، سەرۆکی حکومەت نێچیرڤان بارزانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی شەرەفی دکتۆرای فەخری پێبدات، لەبەر ئەو سەرکەوتنە دیارانەی بەدەستیهێناوە لە بواری کارکردنی لەگەڵ هەموو پارچەکانی کۆمەڵگەی عێراقی و بۆ هێنانەدی ئاشتی و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە بەناوی هەردوو دامەزرێنەری دیموکراسی لەئەمریکا (واشنتۆن –جیفرسۆن) شەرەفمەندین کە ئەم شەرەفە بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دەدەین))

خاتوو تۆری هاری سمیس سەرۆکی زانکۆی واشنتۆن – جیفرسۆن ((گوڵان))

((ئێمە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بەم شەرەفە خەڵات دەکەین لەبەر ئەو هەوڵانەی داویەتی بۆ وتوێژ و دانوستاندن لە پرۆسەی دیموکراتیدا لە چواچێوەی سیاسەتێکدا کە پێکهاتەکەی خێڵەکیە، ئەو هاوپەیمانێتییەی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بونیادی ناوەوڵە ئاستی بەرز ئاکامێکی گەورەی هەبووە بۆتە هۆکاری ئاشتی و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستان و جیاوازتر لە بەشەکانی دیکەی عێراق، هەر بۆیە زانکۆی واشنتۆن –جیفرسۆن ئەم دەستپێشخەریەی پێشکەشکردووە وەک ئیعترافکردنێک بە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی وبەشداریەک بۆ دروستکردنی ئەو جیاوازیە لە میانەی پرۆسەی دیموکراتیەوە لەو هەرێمەدا دروستبووە))

لیژنەی ئۆلمپی عیراق

((ناساندنی نێچیرڤان بارزانی بە باشترین کەسایەتی پشتیوانیکاری وەرزشی لە عیراقدا بۆ ساڵی ٢٠٠٩، بۆ ئەو هەوڵ و پشتگیرییانەی بەرێزیەتی بۆ خزمەتی وەرزش لە عیراق و کوردستاندا، هەروەها بۆ ئەو هاریکاریانەی بۆ دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی شوێنە وەرزشییەکان لە عیراق و کوردستان پێشکەشی کردووە، کە هەروەک چۆن بڕی ٤ ملیۆن دۆلاری بۆ نۆژەنکردنەوەی ستادیۆمی گەلی نێودەوڵەتی لە بەغدا پێشکەش کردووە))

داڤۆس ــ بەیانی رێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهان

((لەو کاتەوەی نێچیرڤان بارزانی بۆتە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەیەکی فراوان و هەمەجۆری داڕشتووە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی خۆشگوزەرانی بۆهاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لەژێر سەرکردایەتی نێچیرڤان بارزانیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە حکومەتێکی عەلمانی وفرەیی ودیموکراتی، بۆچوونەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ کوردستانێکی ئازادو گەشەسەندوو، لەسەر بنەمای ئاشتی ناوخۆو ئاشتی لەگەڵ دراوسێکانیەتی ئەمەش بۆ ٦ ملیۆن کورد لە عیراقدا بۆتە واقیع و راستی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بە ڕێنی پرۆسەیەکی فراوانی پەرەپێدانی داوەو پرۆگرامی بۆ خزمەتگوزارییە گشتیەکان داڕشتووە، بۆ ئەوەی گوزەرانی هاوواڵاتیانی کوردستان بەرەو باشتر ببات، هەروەها لە هەمانکاتدا هەردوو بواری سیستەمی سیاسی و ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا ئازاد کردووە))

حوکمڕانی باش ئەو دەستەواژەیەیە کە نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردیە سەرەتای نووسینەوەی مێژووی حکومڕانی دیموکراتی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەشدا، ئەمەی دەیڵێین تەنها قسە نیە و بەس بەڵکو زانکۆی واشنتۆن – جیفرسۆن کە یانزەهەمین زانکۆی ئەمریکایە لە رووی دێرینیەوە یەکەمین زانکۆیە لەسەر ئاستی جیهان لە رووی بایەخدانی بە یاساو حکومڕانی لە حکومەتە دیموکراتیەکاندا، راشکاوانە دان بەم راستیە دەنێت و بەناوی واشنتۆن و جیفرسۆنەوە کە دوو باوکی دامەزرێنەری کۆماری ئازاد و دیموکراتی ئەمریکان خۆیان بەشەرەفمەند دەزانن کە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دکتۆرای فەخری ئەو زانکۆیە تەقدیر بکەن، جێگەی ئاماژە پێکردنیشە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی تەنها هاوڵاتی غەیرە ئەمریکیە کە زانکۆی واشنتۆن – جیفرسۆن بە بڕوانامەی بەخشینی دکتۆرای فەخری تەقدیری کردووە، راستە ئەو بڕوانامەیە بڕوانامەی دکتۆرای PHD نیە، بەڵکو ئەمە ڕێزگرتنە لە هەوڵ و ماندووبوونی ئەو کەسانەی کە دواتر دەکرێت بڕوانامەی دکتۆرا لەسەر هەوڵ و ماندووبوونی کارەکانیان وەربگیرێت، بۆ کورد و ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان جێگەی شانازیە خاوەنی سەرکردەیەکی لێهاتووی وەک نێچیرڤان بارزانین، لەبەر ئەوەی هەرکەسێك لەم جیهانە بیەوێت لە ئایینده تۆڕینەوە لەسەر بونیادی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بکات، ئەوا سەرکەتوو نابێت ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ ماوەی حوکمرانی نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە راشکاوانە و سەربەرزانە دەیڵێن ماوەی حکومرانی و سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو تێڕی دکتۆرایەیە کە یەکەمین زانکۆی جیهانی لەبواری یاسا و حوکمڕانی دانی پێداناوە و پەسەندی کردووە، هەروەك چۆن جیهان ئەمڕۆ لە ئەتڵەسیەوە تا دەگاتە ئەو پەڕی ئۆقیانووسی ئارام ڕێز لە ماوەی حوکمڕانی (لی کوان یو) ی سەرۆکی سەنگافورا دەگرێت، هیڵمۆت کۆڵ کە بە بسمارکی دووەمی ئەڵمانیا لە قەڵەم دەدرێت لەبەر ئەوەی جارێکی دیکە هەردوو ئەڵمانیای یەکپێگرتەوە، دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی (لی کوان یو) نووسیویەتی کتێبەکەی لی کوان شتێکی تازەی لە سیاسەتی حکومرانیکردن فێرکردین، هەربۆیە بەیانی زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆن و دەقی لێدوانی پرۆفیسۆر تۆری هاری سمیسیش بۆ گوڵان ئەو راستیە بە جیهان دەڵێن، نێچیرڤان بارزانی شتێکی تازەی سەبارەت بە سیاسەتی بونیادی دیموکراتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشکەشی جیهان کردووە، بێگومان زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆنیش هەر لە خۆوەو بێ هیچ بنەمایەك ئەم هەڵسەنگاندنەی نەکردووە، بەڵکو پێشتر ڕێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهانی (Young Global Leaders) لەشاری داڤۆس نێچیرڤان ئیدریس بارزانی وەك سەرکردەیەکی لاوی جیهانی بۆ ساڵی ۲۰۰۷ هەڵبژاردووە، ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە شاژن نور شاژنی شانشینی ئوردنی هاشمی یەکێك بووە لە ئەندامی ئەو لیژنەیەی نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ ئەم نازناوە هەڵبژاردووە کە دووکەس لە کەسە نزیکەکانی حەمزەی کوڕی هەر زۆر لاوە کە ئێستا جێنشینی شا عەبدوڵڵایە هەروەها شا عەبدوڵڵاش هەر بەڵاو حسابە کە هەم کوڕیەتی و هەمیش شای شانشینی ئەردەنی هاشمیە،بەڵام شاژن نور نێچیرڤان بارزانی هەڵبژاردووە نەك کورەکانی خۆی، ئەمەش نیشانەی ئەو خاڵە بەهێزانەی نێچیرڤان بارزانی یە کە لە ماوەی حوکمڕانیکردنی کوردستاندا هەیبووەو، هیچ سەرۆك وەزیرانێکی دیکە یان هیچ پادشا و میرێکی دیکە لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهانی عەرەبی وئیسلامیدا تێدا نەبووە،ئەمەیە ئەو جیاوازیانەی نێچیرڤان بارزانی کە شاژن نوری گەیاندە قەناعەت لە بری شاعەبدڵڵا و جێنشینی شا حەمزە، دەنگ بۆ نێچیرڤان بارزانی وەك سەرکردەی لاوی ۲۰۰۷ لەسەر ئاستی جیهان بدات، بێگومان ڕێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهان ئەو لاوانە بەسەرکردە هەڵدەبژێرن کە ئەم سیفەتانە لە خۆیان بگرن:

۱- دەبێت لیژنەی راسپێردراو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لاوانەی بۆ نازناوی سەرکردەی لاوی جیهانی شیاون، بگەنە قەناعەت، کە ئەو لاوە (واتە نێچیرڤان ئیدریس بارزانی) جێگەی ئومێدە بۆ نەتەوەکەی و بۆ وڵاتەکەشی.

۲- دەبێت بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئەو سەرکردە لاوە میتۆدی ئیشکردن و بنەمای حوکمڕانیکردنی لەسەر ئاشتی ناوخۆ و ئاشتی لەگەڵ دەوروبەر و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی یە.

۳- دەبێت بگەنە قەناعەت کە ئەولەویەتی بەرنامەی حکومەتەکەی بۆ خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیەتی.

٤- دەبێت بگەنە قەناعەت بڕوای بە پەرەپێدانی سەرمایەی مەعریفی هەیە لەبواری پەرەپێدان و بڕوای بە سیستەمی بازاڕی ئازادو سیستەمی سیاسیی لیبرالی هەیە، بۆیە هەر لەخۆڕا لیژنەی هەڵسەنگاندنی سەرکردە لاوەکانی جیهانی لەبەیانی هەڵسەنگاندنەکە نەیاننووسیوە، لە ژێر سایەی حوکمڕانی سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆتە حکومەتێکی عەلمانی و فرەیی و دیموکراتیی.

بۆ ئەوانەی شارەزای مێژووی دیموکراسی نین دەڵێن، ئەم قسەیە

حوکمڕانی باش ئەو دەستەواژەیە کە نێچیرڤان بارزانی لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کردیە سەرەتای نووسینەوەی مێژووی حکومڕانی دیموکراتی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکە

هەرکەسێک لەم جیهانە بیەوێت لە ئایندە تۆژینەوە لەسەر بونیادی دیموکراتی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست بکات، ئەوا سەرکەتوو نابێت ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ ماوەی حوکمرانی نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

جیهان ئەمڕۆ لە ئەتڵەسیەوە تا دەگاتە ئەو پەڕی ئۆقیانووسی ئارام ڕێز لە ماوەی حوکمڕانی (لی کوان یو) ی سەرۆکی سەنگافورا دەگرێت، هێڵەوت کۆڵ کە بە بسمارکی دووەمی ئەڵمانیا لە قەڵەم دەدرێت لەبەر ئەوەی جارێکی دیکە هەردوو ئەڵمانیای یەکێگرتەوە

بۆ ئەوانەی شارەزای مێژووی دیموکراسی نین دەڵێن، ئەم قسەیە لە وڵاتێک کراوەو لە وڵاتێک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی پێ هەڵسەنگێنراوە کە دوای یۆنان، لانکەی دووەمی دیموکراتیە لە جیهاندا و هەتا ئێستا لە سویسرا شێوازی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ پیادە دەکرێت

سیاسی

گوڵان
ژمارە (٧٧١)
٢٠١٠/٣/١

لە وڵاتێک کراوەو لە وڵاتێک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی پێ هەڵسەنگێنراوە کە دوای یۆنان، لانکەی دووەمی دیموکراتیە لە جیهاندا و هەتا ئێستا لە سویسرا شێوازی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ پیادە دەکرێت، بۆیە لە هەموو شوێنێک بتوانرێت ئەم سێ وشەیە (عەلمانی، فەیی، دیموکراتی) بۆ حکومەتێک ڕیز بکرێت، لە داڤۆس و سویسرا ناتوانرێت پێکەوە ڕیز بکرێن ئەگەر سەرۆک وەزیرانی ئەو حکومەتە خۆی پێشتر لەسەر ئەرزی واقیع پێکەوە کۆی نەکردبنەوەو ڕێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهان تەنها ئیعترافی پێکردووە، گومانی تێدانیە ئەم شاهیدییەی لانکەی دووەمی دیموکراتی بۆ مرۆڤایەتی زۆرباش سەرنجی زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆنی ڕاکێشاوەو بەدوای چووە و لێکۆلینەوەی لەسەر کردووە، بۆیە کاتێک ئاکامی بەدواداچوونەکانی زانکۆی واشنتۆن جیفرسۆن لەگەڵ ئاکامی هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوی سەرکردە لاوەکانی جیهان یەکیگرتۆتەوە، زانکۆی جیفرسۆن واشنتۆن وەک لە بەیاننامەی خۆیاندا ئاماژەیان پێکردووە، شەرەفمەندن بەناوی هەردوو سەرکردەی دامەزرێنەری دیموکراتی لە ئەمریکا (واشنتۆن و جیفرسۆن) دکتۆرای فەخری ببەخشنە دامەزرێنەری دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا.کە ئەویش نێچیرڤان ئیدریس بارزانی یە.

دەستنیشانکردنی وەک پشتیوانکاری وەرزشی دانپێدانانێکی نیشتمانی یە بۆ نێچیرڤان بارزانی

پشتیوانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە بواری وەرزشی لە کوردستان بە تایبەتی و لە عێراق بەگشتی، شێوازێکی جیاوازی پشتیوانیکردنی وەرزشە نەک لە عێراق بەڵکو لەتەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەکەشدا، هەتا ئێستا پشتیوانیکردن لە وەرزش ئامانجێکی سیاسیی لەپشتەوە بووە نەک پێشخستنی وەرزش یان بەرەوپێشەوە بردنی وەرزش وەک بواریکی دیکەی بزنس لە کوردستان و عێراقدا، نێچیرڤان بارزانی سەرەتا لە کورستان و پاشتر لە عێراق، هەوڵیدا چەمکی وەرزش لە پێناسە کۆنەکەی دەربهێنێت و لەو بازنەیە دووربخاتەوە کە وەرزش هۆکارێکی دیکەی پروپاگەندەی سیاسیی بۆ حزب یان دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، ئەم گۆڕانکاریە لەبەرئەوەی هەنگاوێکی تازەی بیرکردنەوەکانی نێچیرڤان بارزانی بوو بۆ بونیادنانەوەی کوردستان و پاشانیش وەک بەشداریەک لە بونیادنانەوەی عێراق، پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەیی (Nation Building) لە پرۆسەیەکی تەقلیدی ڕۆژهەڵاتیەوە گواستەوە بۆ ئاستی ئەو پرۆسانەی بونیادی نەتەوە کە ڕاستەو خۆ ئەمریکا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی خۆی سەرپەشتی کرد، کە یەکەمیان بونیادنانەوەی ژاپۆن بوو، دووەمیشان پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوەی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بوو، بەتایبەتی ئەڵمانیای دوای نازیەت لە چوارچێوەی پرۆژەی مارشاڵدا، بەڵام نێچیرڤان بارزانی وەک سەرکردەیەکی لێهاتوو بە پشتبەستن بە تواناو لێهاتوویی خۆی و لە کتێبەکەیدا وەبەرهێنان لە ئایندە (Invest in the future)، وەبەرهێنان و پەرەپێدانی وەک سیستەم بۆ بونیادنانەوەی نەتەوە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان پیادەکرد، لە ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانیدا، شێوازی وەرزشی پیشەگەر بووە شێوازی پەرەپێدانی وەرزشی لە کوردستان،بەڵام لە هەمانکاتدا بووە سەرمایەیەکی وەرزشی لە عێراقیشدا، لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بونیادنانەوە دایرشتبوو، بواری بەوە دەدا سەرمایەی توانا وەرزشیەکانی لاوانی عێراق لە زاخۆ تا فاو لە کوردستان بەگەڕبخرێن و شێوازی بازاری ئازاد و ململانێ لەسەر ئاستی لێهاتوویی و توانا وەرزشیەکان لە ستادیۆمەکانی کوردستان ڕەنگبداتەوە، پارێزگاریکردن بە توانا وەرزشیەکانی لاوانی عێراق و بەگەڕخستنی ئەو توانایانە وەک سەرمایە لە بواری بزنسی وەرزیشدا وایکرد، سیستەمی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی کاردانەوەیەکی ئیجابیانەی لەسەر ئاستی وەرزشی عێراق دروستبکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئاسیا و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا، زیاد لەمەش ئەو هەوڵانەی نێچیرڤان بارزانی کە لە بەرنامەی حکومەتەکەیدا بۆ پێشخستنی بواری وەرزشی و دابینکردنی ستادیۆمی شایستە بە ئاستی ستادیۆمی نێودەوڵەتی ستاندەر، وایکرد دیدی جیهان لەسەر زۆر بواری حکومەتی عێراق بگۆڕێت و ئەمەش نەک تەنها عێراق لە بواری وەرزشی بگێڕێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، بەڵکو بە داوەتکردن و پێشوازیکردنی هەڵبژاردەکانی ئاسیا و دەوڵەتانی عەرەبی بۆ ئەوەی بێنە ستادیۆمی شەهید فەرنسۆ هەریری یاریەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، ڕوویەکی دیکەی سیاسەت و بیروبۆچوونی نێچیرڤان بارزانی بوو بۆ عێراقی ئایندە، بەوەی هەوڵێر ئامادەیە بەشێک بێت لە عێراق، هەوڵێر ئامادەیە نوێنەرایەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ئەستۆ بگرێت، بەمەرجێ عێراق، عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی بێت، ئەم هەنگاوانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوە نەبوو کە نازناوی ستادیۆمی نێودەوڵەتی لە ستادیۆمی گەل لە بەغدا بسەنێتەوە، نەخێر هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەوە بوو ئەگەر لە ستادیۆمی گەل نەتوانرا نوێنەرایەتی عێراق بکرێت، ئەوا هەوڵێر ئامادەیە و ئەگەر ستادیۆمی گەلیش لەبەغدا نۆژەن بکرێتەوە ئاساییە کە ستادیۆمی گەل و شەهید فەرنسۆ هەریری پێکەوە نوێنەرایەتی عێراق لە ئەستۆ بگرن، بۆیە چۆن هەنگاوەکانی نێچیرڤان بارزانی لەسەرئاستی

نێچیرڤان بارزانی هەوڵیدا چەمکی وەرزش لە پێناسە کۆنەکەی دەربهێنێت و لەو بازنەیە دووربیخاتەوە کە وەرزش هۆکارێکی دیکەی پروپاگەندەی سیاسیی بێت

لە ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانیدا، شێوازی وەرزشی پیشەگەر بووە شێوازی پەرەپێدانی وەرزشی لە کوردستان

هەرێمی کوردستان ستادیۆمی شەهید فەرهاد حەریری کردە ستادیۆمێکی نێودەوڵەتی، هەر هاریکاری و پشتیوانی نێچیرڤان بارزانیش بوو کە بڕی چوار ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ ئەوەی ستادیۆمی نێودەوڵەتی گەل لە بەغدا بە ئاستێك نۆژەنبکرێتەوە کە شایستەی ئەوەبێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە ئاستی ستادیۆمە نێو دەوڵەتیەکان لە جیهاندا.

سیستەمی حوکمڕانی نێچیرڤانی بارزانی ئاکار و گیانی وەرزشی زیندوو کردەوە

لەبەرئەوەی کولتووری وەرزشی لە وڵاتی ئێمە (مەبەستمان توانای وەرزشی نیە) لاوازە، لەبەر ئەوەی هەتا ماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی و رووخانی رژێمی پێشوو لە عێراقدا کولتووری دەسەڵات زاڵبووە بەسەر کولتووری وەرزشیداو وەرزش بریتی بووە لە خیتابی دەسەڵات بە شێوەیەك لە شێوەکان، هەربۆیە هاندان و پشتگیری بواری وەرزشی وەك یەکێك لە کەناڵەکانی پاراستنی دەسەڵات سەیر دەکرا، ئەوانەی کە خولیای وەرزش و سەیرکردنی وەرزشیان کردووە، هەست بەو راستیە دەکەن، پێشتر وەرزش لە عێراقدا خیتابی سیاسیی دەسەڵات بووە و هەوڵدراوە وەرزش پێش بکەوێت ئەم پێشکەوتنە وەك پەرژینێك بۆ پاراستنی دەسەڵات بەکارهێنراوە،بەها بەرزەکانی وەرزش و گیانی لێبوردەیی وەرزشی گۆرابوو بۆ پاراستنی بەهاکانی دەسەڵات و وەرزشوان لەسەر بنەمای سەرکەوتن و دۆران مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، ئەم مامەڵەکردنەش لەلایەن خودی دەسەڵات یان بەرپرسە باڵاکانی دەسەڵاتەوە بووە، هەربۆنموونە ئەگەر پێشتر هەڵبژاردەی عێراق لە یارییەکدا بیدۆڕاندایە، ئەم دۆڕاندنە بە گیانی وەرزشی قبوڵ نەدەکرا، بەڵکو وەك سووکایەتیەك بۆ دەسەڵات دەخوێنرایەوە، ئەمە میژووی یاریزانانی هەڵبژاردەی عێراق بەدرێژایی ساڵانی هەشتاکان هەتا ئەو کاتەی رژێمی بەعس رووخا، ئەم دەستێوەردانەی دەسەڵات لە بواری وەرزشی لەبری ئەوەی گیانی لێبوردەیی وەرزشی

پێشوازیکردنی هەڵبژاردەکانی ئاسیا و دەوڵەتانی عەرەبی بۆ ئەوەی بیٚنە ستادیۆمی شەهید فەرەنسۆ هەریری یاریەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، رووبەکی دیکەی سیاسەت و بیروبۆچوونی نێچیرڤان بارزانی بوو بۆ عێراقی ئایندە

پەرەپێبدات، تووندوتیژی بەرهەمدەهێنا، کەم جار هەبووە هەڵبژاردەی عێراق بدۆڕێت لەناو گۆڕەپانەکەدا شەڕ رووندەدات، بەتایبەتی ئەگەر یارییەکان لە ستادیۆمی گەل لە بەغدا بەڕێوەچووبن، وەك یاری نێوان هەڵبژاردەی عێراق و کوەیت، یاری نێوان قەتەر و عێراق، بەداخەوە ئەو کولتوورەی گیانی وەرزشی لە عێراق تێکدابوو، تارادەیەکی زۆر لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان رەنگدانەوەی هەبووە، ئێستاش ئەگەر راشکاوانە بدوێین هەستدەکەین ئەو کاریگەرییە بە تەواوەتی نەسڕاوەتەوەو ئێستاش لە نێوان یانەکانی دهۆك و زاخۆ، دهۆك وهەولێر، هەولێر و سلێمانی هەست بەوە دەکرێت گیانی وەرزشی دەکرێتە قوربانی بردنەوە و دۆڕاندنی ناو ستادیۆمەکە، بەڵام ئەو پرۆگرامەی کە نێچیرڤان بارزانی لە بەرنامەی حکومەتدا بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بواری وەرزشی لە کوردستان دایڕیشت بە تایبەتی کە لەماوەی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی دەیان یاریگای ستاندەر و هۆڵی داخراو بۆ سەرتاسەری کوردستان هەر لە قەزاو ناحیەکانەوە تادەگاتە بەشێکی زۆری گوندەکانی کوردستانیش، وایکرد جارێکی دیگە گیانی لێبوردەیی و ململانێ بگەڕێتەوە ناو کولتوری وەرزشی لەکوردستان، لەمەش زیاتر بە وەبەرهێنانی توانای وەرزشوانەکانی عێراق لە ریزی یانەکانی کوردستان وایکرد کە جیاوازی و تەعەسوبی نەتەوەیی و ئایینی لە ریزی وەرزشوانانی عێراقیدا نەهێڵێت و ململانێ وەرزشیەکان لە پێناوی پێشخستنی وەرزشی عێراق بێت، نەك وەرزشی ئەم نەتەوەو ئەو نەتەوە، یان ئەم مەزهەب و ئەو مەزهەب. ئێستا ئەگەر چاودێرێکی وەرزشی سەیری پێکهاتەی هەڵبژاردەکانی یانەکانی کوردستان بکات، دەبینێت چۆن ناسنامەی نیشمانی عێراقیبوون

پێشتر وەرزش لە عێراقدا خیتابی سیاسیی دەسەڵات بووە و هەوڵدراوە وەرزش پێش بکەوێت ئەم پێشکەوتنە وەک پەرژینێک بۆ پاراستنی دەسەڵات بەکارهێنراوە، بەها بەرزەکانی وەرزش و گیانی لێبوردەیی وەرزشی گۆڕابوو بۆ پاراستنی بەهاکانی دەسەڵات و وەرزشوان لەسەر بنەمای سەرکەوتن و دۆڕان مامەڵەی لەگەڵ دەکرا

سیستەمی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی توانی لەناو یاریگاکاندا جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی نەهێڵێت، ئەوەیە سیستەمی نێچیرڤان بارزانی کە توانی لە هەولێر نوێنەرایەتی عێراق بکات، سیستەمی نێچیرڤان بارزانی توانی هەموو عێراقیەکان پێکەوە بەجیاوازی نەتەوە و ئایینەوە لەچوارچێوەی یانەی هەولێردا، لەسەر ئاستی ئاسیادا نوێنەرایەتی هەولێر بکەن، ئەمەش ئەو کارەیە کە بە درێژایی ١٠٠ ساڵی رابردوو هیچ سەرۆک حکومەتێکی عێراق نەیتوانیوە هەموو ئەم پێکهاتانە کۆبکاتەوە و لە یەککاتدا هەولێر نوێنەرایەتی عێراق بکات، عێراقیەکانیش نوێنەرایەتی هەولێر بکەن لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا

لەناو ئەو یانانەدا کاملّبووەو هەموو بە ناسنامەی جیاوازی کورد و عەرەب و تورکمان و کریستیان وکلدانەوە، بەجیاوازی مەزهەبی و ئایینیەوە، شیعەو سونە و کریستیان و ئێزیدی پێکەوە بۆ یەك ئامانج لەریزی یانەکانی کوردستاندا هەولّ بۆ پەرەپێدانی وەرزش لە عێراقدا دەدەن، ئەمەیە سیستەمی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی کە توانی لەناو یاریگاکاندا جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی نەهێڵێت، ئەوەیە سیستەمی نێچیرڤان بارزانی کە توانی لە هەولێر نوێنەرایەتی عێراق بکات، ئەوەیە سیستەمی نێچیرڤان بارزانی کە توانی هەموو عێراقیەکان پێکەوە بەجیاوازی نەتەوە و ئایینەوە لەچوارچێوەی یانەی هەولێردا، لەسەر ئاستی ئاسیادا نوێنەرایەتی هەولێر بکەن لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەمە نیشانەیەکی ئاشکرای سەرکەوتنی حکومڕانی نێچیرڤان بارزانیە و جیاوازیەکە کە حکومڕانی هەرێمی کوردستان لە حکومڕانی عێراق و حکومڕانی ئەو شارانەی دیکەی عێراقیش جیادەکاتەوە کە لایەنە سیاسیەکانی دیکەی عێراق بالّادەستن بەسەریدا.ئەمە نیشانەیە بۆ سەرکەوتنی دەستووری عێراق و ئەگەر هەموو لایەك ڕێز لەو دەستوورە بگرین و پێوەی پابەند بین، هیچ جیاوازیەکی نەتەوەیی و ئایینی لە عێراقدا بوونی نابێت و ئاستەنگ بۆ بەرەوپێشەوەچوونی عێراق دروست ناکات، بەڵکو جیاوازیەکان دەبنە خاڵی بەهێزی کۆمەڵگەی عێراق و زیاتر پێکەوەژیان لە عێراقدا بەرجەستە دەکات.

پشتیوانی نێچیرڤان بارزانی بۆ وەرزشکاران ئاستی وەرزشی ئافرەتانی هاوشانی پیاوان کرد

لایەنێکی دیکەی گرنگ کە هەم هۆکارێکە بۆ کرانەوەی کۆمەڵگە و مۆدیرنەکردنی کۆمەڵگە و هەمیش هەنگاوێکە بۆ ئازادکردنی ئافرەت

گوڵان
ژمارە (٧٧١)
٢٠١٠/٣/١

لە کـــۆت و بەنـــدی کۆمەڵایەتی و دابونەریتە تەقلیدیەکان، گەشەسەندنی بـــواری وەرزشـــی ئافرەتانـــە لە ژێر ســـایەی سیســـتەمی حکومڕانـــی نێچیرڤان بارزانیدا، ئێســـتا لە عێراقدا ئافرەتـــان و خانمانی کوردســـتان بێ رکابەرن بۆ نوێنەرایەتی کردنی عێراق لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و هەنـــگاوەکان بەوجـــۆرەن کـــە لە ئایندەیەکی نزیکدا لەســـەر ئاســـتی جیهان و خولەکانی ئۆلمپیدا خانمانی کوردستان ببینین نوێنەرایەتی عێراق و کوردســـتانیش دەکەن،ئـــەو بـــەرەو پێشەوەچوونەی لە هەرێمی کوردستان لەســـەر ئاســـتی وەرزشـــی ئافرەتان هەستی پێدەکرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ماوەکەمەی کە نێچیرڤان بارزانی حکومڕانـــی حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانی کردووە، لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت دەگمەن و بێ وێنەیە، لەهەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیســـلامیدا ئەو خانمانەی کە لەسەر ئاستی خولەکانی ئۆلۆمپی مەدالیای زێڕیـــان پێ بەخشـــراوە بـــە رادەیەك کەمە کە هەتا ئێســـتاش لە ژمارەی پەنجەکانی یەك دەســـت تێپەر ناکەن، هەر بۆنموونە ئەگەر لەچەند خولێکی ئۆلمپیدا یەکێك لـــە خانمانی عەرەب مەدالیایەکی زێڕ یـــان زیو یان برۆنز وەربگرن، هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیســـلامی بەدەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشـــتمانی لـــە قەڵەمـــی دەدەن، بەڵام لەمـــاوەی حکومڕانی نێچیرڤان بارزانیدا کـــە تەنها ماوەی نێوان یەك خولـــی ئۆلمپـــی بووە لـــە جیهاندا، خانمانـــی کوردســـتان لـــە چەندین بـــواری جیاوازی وەرزشـــی لەســـەر ئاســـتی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیســـلامی نوێنەرایەتـــی عێراقیان کـــردووە و چەندین مەدالیاشـــیان بە شـــێوەجیاوازەکانیەوە بەدەستهێناوە،ئەم لایەنە گرنگ بـــوو لە بیری نەکەین لەبەر ئـــەوەی حکومڕانی باش هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

حوکمڕانی باش زارەوەیەکە بە حوکمڕانی رۆژهەڵات نامۆیە

جارێکی دیکـــە دووپاتی دەکەینەوە کە زارەوەی حوکمڕانـــی بـــاش (Good Governs)، لەگـــەڵ دەســـتپێکی حوکمڕانی نێچیرڤـــان بارزانی هاتۆتە نـــاو مێـــژووی حوکمڕانـــی هەرێمی کوردســـتانەوە و هەتا ئێستا لە عێراقدا بوونـــی نیـــە و چاودێرانـــی باردۆخی عێراقیش بـــۆ حکومەتی عێـــراق ئەو زارەوەیـــە بەکارناهێنن، لەبـــەر ئەوەی حکومەتـــی عێراق بـــە حکومەتەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ شەوە نەگەیشتوونە ئەو ئاســـتەی بـــەزارەوەی حوکمڕانی باش بەراورد بکرێن، لەســـەر ئاســـتی دەوڵەتانی عەرەبی وئیسلامیش بە تونس و مەغریب و تورکیاشـــەوە، ناکرێت بە زارەوەی حوکمڕانـــی باش هیچ کام لەو حکومەتانـــە هەڵبەســـنگێنین، کە هەر یەکەیـــان لەبەر هۆیـــەك ئەمریکا وەك نموونـــەی دیموکراتی لـــە رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و دەوڵەتانـــی عەرەبـــی و ئیسلامی لەقەڵەمی دەدەن، ئەوجا لێرەوە و لەبەر ئەوەی کولتووری حوکمڕانی باش لە وڵاتی ئێمە تازەیە و نەبۆتە دیاردەیەك بـــۆ هەڵســـەنگاندنی بەرنامەکانـــی نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتاندا، هەســـتدەکەین کـــە ئەم ئاســـتە وەك خۆی بۆ خوێنەران دیاری دەکەیـــن و بـــەزاراوەی حوکمڕانی باش هەڵیدەســـەنگێنین، دەبینین ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە باشە کە حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانی بە زارەوەی حوکمڕانی باش هەڵدەسەنگێنن، بۆچی لەسەردەمی حوکمڕانـــی نێچیرڤان بارزانیدا زۆرترین رەخنەی ڕووبەروو دەکرایەوە، وەڵامی ئەم پرســـیارە لەوانەیە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە و کۆمەڵگەکانی هاوشێوەی ئێمە ئاسان نەبن، لەبەر ئەوەی کولتووری حوکمڕانی بۆ ســـەرۆك وەزیرانی بـــاش ئەوەبووە، کـــە هەموو گەل چەپڵـــەی بۆ لێبدات وێنەکەی هەڵبواســـێت، بۆیە راشکاوانە لەســـەر ئەم خاڵە هەڵوەســـتە دەکەین و بەخوێنەرانی خۆمان دەڵێین، حوکمڕانی باشـــی نێچیرڤان بارزانـــی ئەوەبوو کە سیستەمی سیاسیی لیبرالی و ئابوری بازاری پێکـــەوە گرێدابووە، گرێدانەوەی ئەم دووبارە گرنگـــە پێکەوە حوکمڕانی شەفاف دروست دەکات، بۆیە هەموو کات نەك لە کوردســـتان بەڵکو لە دەوڵەتانی لیبـــرال دیموکراتی رۆژئاواشـــدا،خەڵك ومیدیا بـــەردەوام رەخنە و گازندەکانیان ئاراستەی حکومەت دەکەن، لەم ڕاستەوە جێگەی خۆیەتی بڵێین هەتا ئێســـتا لە رۆژهەڵاتـــی ناوەراســـت و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بێجگە لە نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆك وەزیرانێك دەرنەکەتووە بەرگەی میدیای ئازاد بگرێت، ئەمەش وەك کۆڵـــن پـــاول وەزیری پێشـــووی دەرەوەی ئەمریـــکا گوتوویەتی(ئەوەی رۆژنامەکانی ئەمریکا بڵاوی دەکەنەوە مەرج نیە هەمووی راســـت بێت، بەڵام هەموو پێکـــەوە یەك راســـتی دووپات دەکەنەوە کە لەم وڵاتـــە ئازادی هەیە) ئێمەش لـــەم ڕوانگەیەوە دەڵێین ((مەرج نیە کـــە دەڵێن ســـەردەمی حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانـــی بونیادی حوکمڕانی باش بووە لە کوردســـتان، مەبەســـتمان ئەوەبێـــت کەموکورتی لـــە حوکمڕانی نێچیرڤان بارزانیدا نەبووە، بەڵکو ماوەی حوکمڕانـــی نێچیرڤـــان بارزانـــی بەو ڕەفتارانە ناســـنامەی حوکمڕانی باش بۆ خۆی مسۆگەر دەکات کە نێچیرڤان بارزانی پاکانـــەی بۆ کەموکورتیەکانی نەکـــردووە و هەوڵێـــداوە رۆژ لە دوای رۆژ چارەســـەریان بـــکات و میدیای ئازادی بە چاوی جەمـــاوەر زانیوە کە کەموکورتییەکانی پیشانبدات و بەرگەی ئەو رەخنە وگازندانەشـــی کردووە، بۆیە نموونە هاوشێوەی نێچیرڤان بارزانی بۆ حوکمڕانی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هەتا ئێستا بێ وێنەیە، بۆیە شایستەی ئەوەیە ئێمەش لە کوردســـتان دان بەو راســـتیە بنێن و وەك دامەزرێنـــەری حوکمڕانی باش لە کوردســـتان ســـەیری بکەین و هەموو پێکەوە ئەو سیســـتەمە بپارێزین کە نێچیرڤان بارزانی لەسەر بناخەیەکی راست نەخشەی بۆ دارشتووە)).

حوکمڕانی باشی نێچیرڤان بارزانی ئەوەبوو کە سیستەمی سیاسیی لیبرالی و ئابوری بازاری پێکەوە گرێدابووە

هەتا ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بێجگە لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانێك دەرنەکەتووە بەرگەی میدیای ئازاد بگرێت

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئایندەیەکی نادیار

هاوەنگی لیستە کوردستانییەکان مەترسییەکان دەڕەوێنێتەوە

ئەم هەڵبژاردنانە گرنگن بۆ کوردستانییەکان بۆ ئەوەی بە ئەسیل نوجێفی و هاوشێوەکانیان لە پارێزگای نەینەوا بڵێن بۆ هاتە هەتایە دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا بوونی نەما

ئەم هەڵبژاردنە جارێکی دیکە قەوارەی راستەقینەی دانیشتوانی کوردستان بە تایبەتی ناوچە دابڕاوەکان پیشاندەداتەوە

ئـــەم قۆناخەی ئێســـتای عێـــراق وەک قۆناخـــی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێیدا تێدەپەڕێت، لەســـەر چەندین ئاســـت بە قۆناخێکی هەســـتیار و چارەنووسساز لە قەڵەم دەدرێت، ئەو ئاستانەش بریتین لە:

یەکەم لەسەر ئاستی کوردستانی:

١ - ئـــەم قۆناخە دوا رادەدە هەســـتیارە بـــۆ کوردســـتانییەکانی عێـــراق، لەبەر ئەوەی دەنگـــی کوردســـتانییەکان لەم پرۆسەیەدا ســـەنگ و شکۆ و ئیرادەی کوردستانییەکان بەدیار دەخات بۆ ئەوەی بە دەنگەکانیان رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشـــە هەڵواســـراوەکانی نێوان هەرێم و بەغـــدا و هەورەها گەڕانـــەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ ســـەرهەرێمی کوردستان، دیار بکەن.

٢ - ئـــەم هەڵبژاردنانـــە گرنگـــن بۆ کوردســـتانییەکان بۆ ئەوەی بە ئەســـیل نوجێفی و هاوشـــێوەکانیان لە پارێزگای نەینەوا بڵێن بۆ هاتە هەتایە دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا بوونی نەما و بۆ هەتا هەتایە بیری شـــۆڤێنی عەرەبی کۆتایی هات و ئێســـتا عێراقی نوێ عێراقی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندایە.

٣ - بۆ کوردستانییەکان گرنگە راشکاوانە بە جیهان بڵێن دەبێت رێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگیرێت و دیموکراتییەت بریتی نییە لە کەمینە و زۆرینەی سندوقەکانی دەنگدان، بەڵکو دیموکراتی لە وڵاتی فرە ئیتنـــی و فرە نەتـــەوە و ئایینی جیاواز، بریتیە لە پێکەوە گونجان و نەرمی نواند بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی.

٤ - بۆ کوردســـتانییەکان گرنگە لەبەر ئـــەوەی ئەم هەڵبژاردنـــە جارێکی دیکە قـــەوارەی راســـتەقینەی دانیشـــتوانی کوردســـتان بە تایبەتی ناوچە دابڕاوەکان پیشـــاندەداتەوە، بۆیە ئـــەم هەڵبژاردنە ئەگەر راســـتەوخۆش ریفرانـــدۆم نەبێت لەســـەر دیاریکردنـــی ناســـنامەی ئەم جیاوازییانە، ئەوا ئەگەر کوردستانییەکان بەشـــداریەکی فراوانیان هەبێت، دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەو ریفراندۆمانەی لە ئایندە لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە ئەنجامدەدرێن.

٥ - بـــۆ قەوارە و لایەنە سیاســـییەکانی کوردســـتان گرنگە کە ئـــەم هەڵبژاردنە بکەنە هۆکارێك بۆ یەکگرتوویی خیتابی

سیاسیی کوردستان لە بەغدا و هەروەها بۆ هاوەنگیی و هاوهەڵوێستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەناو پەرلەمانی عێراقیدا.

دووەم لەسەر ئاستی عێراقی:

١ - ئەم هەڵبژاردنە بۆ عێراقییەکان لەبەر ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە جارێکی دیکە نەخشەی سیاسیی عێراق دادەڕێژێتەوە، بەپێی مەزندەی چاودێرانی بارودۆخی سیاسیی عێراق پێشبینی دەکرێت هیچ لایەن و قەوارەیەکی سیاسی نەتوانێت ڕێژەی پێویست بۆ پێکهێنانی حکومەت یان لانی کەم بە دوو قەوارە حکومەت پێکبهێنن، بۆیە گرنگە بۆ ئەو قۆناخە بیسەلمێنن تاچەند دەتوانن پێکەوە کاربکەن و ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنن.

٢ - ئەم هەڵبژاردنانە گرنگن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتیانە، هەروەها جێگەی مەترسیشە بۆ هەڵوەشانەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق ئەویش لە ئاکامی یەکتری ڕەتکردنەوە و یەکتری قبوڵنەکردنەوە، بۆیە ئەگەر مەترسی لەسەر پرۆسەی سیاسی دروست بێتەوە، ئەوە شتێک نامێنێت ناوی عێراق یان یەکپارچەیی عێراقیش بێت.

٣ - سەرکەوتنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن هەنگاوی یەکەم بۆ پابەندبوون و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق خۆشدەکات، هەروەها سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی عێراقییەکان باشتر لە دەستووری عێراق تێبگەن و مەسەلەی هەمواورکردنی دەستوور لە موزایەدەکردنی سیاسیی ئەم لایەن بەسەر ئەو لایەندا بێننە دەرەوە، بۆیە ئەگەر عەرەبی سوننە یان عەرەبی شیعە پێیانوایە دەستوور پێویستی بەوە هەیە هەموار بکرێت، ئەگەر ئەم هەمواورکردنە لەسەر پێشێلکردنی مافی لایەنێک نەبێت بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیکە و تەنها ئەو بڕگە و ماددانە بگرێتەوە کە تایبەتن بە لایەنی دیاریکراو، ئەوا مەسەلەیەکی ئاساییە و هیچ کەس ڕێگری لێناکات، بەڵام مەسەلەی هەمواورکردنی بڕگەکانی دەستوور هەر بۆ نموونە بەو مەبەستە بێت مافی گەلی کوردستان کەمبکرێتەوە و یان پێشێلبکرێت، ئەوا ئەم مەسەلەیە دەبێتە یاریکردن بەو ئاگرەی کە پاشتر ناڕانرێت ئەو ئاگرە کوێی دیکەش دەگرێتەوە.

٤ - ئەم هەڵبژاردنە بۆ عێراقییەکان گرنگە کە ڕێز لە ئیرادەی گەلی کوردستان بگرن، بۆ ئەوەی گەلی کوردستانیش ڕێز لە ئیرادەی ئەوانی دیکە بگرێت، ئەوان هەر چۆنێک بێت بە یاسای هەرێمەکانی خۆیان بڕیاردەدەن، ئەوا گەلی کوردستان دەست ناخاتە ناو کاروبارییانەوە و ڕێزی ئیرادەیان دەگرێت، بۆیە ئەگەر عەرەبی عێراقیش بە شیعە و سوننەوە ڕێزی ئیرادەی گەلی کوردستان بگرن، ئەوا ئایندەیەکی ڕۆشن چاوەڕێی عێراق دەکات.

سێیەم لەسەر ئاستی ئیقلیمی:

١ - گومانی تێدانییە دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق وەک تێکڕای میدیا جیهانییەکان ئاماژەی پێدەکەن، یەکێکە لەو مەترسییانەی کە مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت ئاراستەی هەڵبژاردنەکە بگۆڕێت، بۆ عێراقییەکان و ئەو قەوارە سیاسییانەی بەدەستی دەرەکی لەناو پرۆسە دیموکراتییەکە ڕەفتار دەکەن، پێوستە بزانن، ئەوان پێش عێراقییەکانی دیکە زەرەرمەند دەبن لە دەستێوەردانی ئیقلیمی و چەند دەستێوەردانی ئیقلیمی زیاتر بێت، بەردەوام کێشەکانی عێراق ئاڵۆزتر دەبێت.

٢ - گرنگە لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق بە تایبەتی لایەنە سەرەکییەکانی شیعە لەوە هۆشیارترن کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە هێنانی چەند دەنگێکی زیاتر بچووبکەنەوە، بۆیە گرنگە خەڵک بەو ئاراستەیە هۆشیار بکەنەوە کە گوشار بخەنە سەر ئەو لایەنانەی دەستی دەرەکی دێنە ناو پرۆسە سیاسییەکە و دەیانەوێت باردۆخی سیاسی عێراق بشێوێنن.

٣ - گرنگە لایەنە سەرەکییەکانی شیعە بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق کە یەکێکە لەو لایەنە سیاسییە سەرەکییانەی پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانی هەیە، هەوڵبدات سیستانی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق بانگێشەی خۆیان ئاراستەی خەڵکی باشوور و ناوەڕاست بکات کە هێمنی پرۆسەکە بپارێزن و هەروەها داوا بکات دەستێوەردانی دەرەکی رابگیرێت.

چوارەم لەسەر ئاستی ئەمریکا و سیاسەتی نێودەوڵەتی:

١ - وەک ئیدارەی ئەمریکی خۆی ئاماژەی پێدەکات هەڵبژاردنەکانی عێراق چەند بۆ عێراقییەکان گرنگە، زیاتر بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا گرنگە، لەبەر ئەوەی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنانە ئایندەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا دیاری دەکات، بۆیە ئێستا ئەمریکییەکان زۆر لە نزیکەوە چاودێری ئەم هەڵبژاردنە دەکەن و مەبەستیانە هەڵبژاردنەکە بەسەرکەتوویی بەڕێوەبچێت.

٢ - مادام ئەمریکا سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی لە عێراقدا مەبەستە. کەواتە پێویستە ئیدارەی سەرۆک ئۆباما زۆر بە ڕاشکاوانە مەفهومی سەرکەوتن لەم پرۆسەیەدا بۆ گەلانی عێراق و گەلی ئەمریکاش دیاری بکات، بە واتایەکی دیکە ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتنی هەڵبژاردن لەوەدا کورتبکاتەوە کە هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت و پاشان لە کاتی خۆی هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، ئەمە نەک ئایندەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکو سەردەمی شکۆی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئایندەی دۆستەکانی لە کەنداو و تەواوی ناوچەکە دەخاتە مەترسییەوە، ئەگەر مەبەستیشی لەسەرکەوتنی هەڵبژاردن ئەوەبێت عێراق هەنگاو بەرەو دیموکراسی هەڵبگرێت و دەستوورەکەی جێبەجێ بکات و عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دیموکراتی، دیسان دەبێت ئامادەباشی تەواوی خۆی بۆ عێراقییەکان پیشانبدات بۆ ئەوەی بتوانن ئەم پرۆسەیە بەسەرکەتوویی ببەنە پێشەوە.

٣ - ئەمریکا دەبێت ئەو ڕاستییەی لەبەر چاو بێت ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە سەرکەتوو نەبن، ئەوا عێراق دەبێتە گۆڕەپانی مللانێی ئیقلیمی و گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر و نزیکبوونەوەی تیرۆریستان بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆیە گرنگە ئەمریکا لەم قۆناخەدا زیاتر ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بۆ ئەوەی ئەو مەترسیانە لەسەر ئایندەی عێراق بڕەوێنێتەوە.

چەند دەستێوەردانی ئیقلیمی زیاتر بێت، بەردەوام کێشەکانی عێراق ئاڵۆزتر دەبێت

ئەمریکا دەبێت ئەو ڕاستییەی لەبەر چاو بێت ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە سەرکەتوو نەبن، ئەوا عێراق دەبێتە گۆڕەپانی مللانێی ئیقلیمی و گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر

خاتوو ئیسابیلا لۆنیدس ئوستادی حکومڕانییە لە زانکۆی ئەمستردام لە هۆڵەندا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە وڵاتانی پۆست کۆنفلیکت و بونیادنانەوەو ئاسایشی حکومڕانی و دەوڵەتانی بەلکان و رۆژهەڵاتی ناوەراست، عێراق وەک دەوڵەتێکی دوای شەڕ کە ئێستا بە قۆناخێکی دژواردا تێپەردەبێت، بۆیە بە پێویستمان زانی کە وتوێژێك لەگەڵ خاتوو ئیسابیلا کە پسپۆرە لەم بوارە بکەین، بەڵام ئەو پێی باش بوو بەچەند پەرەگرافێکی کورت رای خۆی بۆ گوڤاری گوڵان بنووسێت، ئەمەش دەقی ئەو پەرەگرافەیە کە خاتوو ئیسابیلا بۆ گوڵان نووسیوویەتی.

ئیسابیلا لۆنیدیس بۆ گوڵان:

دەبێت یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم هەڵبژاردنە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بێت بە تایبەتی کەرکوک

هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەرفەتێکن بۆ عێراقییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان و بۆ دڵنیابوون لەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەیی نوێنەرایەتی دەکرێن

هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەرفەتێکن بۆ عێراقییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان و بۆ دڵنیابوون لەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەیی نوێنەرایەتی دەکرێن

هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەرفەتێکن بۆ عێراقییەکان بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان و بۆ دڵنیابوون لەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەیی نوێنەرایەتی دەکرێن. نابێت سەرکردە سیاسییەکان هەڵبستن بە هاندانی ئەو ڕەفتارانەی دەبنەهۆی تێکدانی هەڵبژاردنەکان و دەبنەهۆی دەنگدەر بەشداری لە پرۆسەکەدا نەکات. بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی نەخشەی سیاسییەکەی عێراق کە پڕە لە دابەشبوون ئەوا بە دڵنیاییەوە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی حکومڕان (حکومەتێکی هاوپەیمانی) کارێکی دژوار و پڕ لە تەحەددای دەبێت، ڕەنگە چەند مانگێك بخایەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدی ئەوە دەکرێت بەشداربوون لە پرۆسەکەدا ببێتەهۆی هێنانە ئارای حکومەتێك کە تێکڕای پێکهاتە ئیتنییەکان لەخۆبگرێت، بەو پێیە گفتوگۆکان ببنەهۆی هێنانەدی ڕێککەوتنێکی خوازراو کە لەسەر بنەمای سازشکردنی هەموو لایەك بێت.

چەند سەرنجێکی کورت لەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراق

دەبێت ئامانجی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کارکردن بێت بۆ پەرەپێدانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەهێز، لەگەڵ پاراستنی ئەمنییەتی عێراقییەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی دڕێژخایەن لەسەر کێشە ناوخۆییەکان پەیوەست بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان(بە تایبەتی کێشەی کەرکوك، ئەویش بە پاراستنی هەمەڕەنگییە کەلتوریی و ئیتنیەکەی ئەم شارە)، بە هەمان شێوە هاندانی وەبەرهێنان لە کیلگە نەوتی و گازییەکانی ئەم شارە و بوژاندنەوەی ئابووریەکەیدا. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێزەکانی بکێشێتەوە، دەبێت دەسەڵاتی نیشتمانی وڵاتەکە لە ئاست تەحەددیەکەدا بێت بۆ ئەوەی حکومڕانێتی وڵاتەکە بکات و دەبێت هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش بتوانن لە ئاست ئەرکەکەیانیاندا بن.

خاتوو جودیس یاف یەکێکە لە تۆژە دیارەکانی ئامۆژگای دیراساتی نیشتمانی لە زانکۆی بەرگری نیشتمانی ئەمەریکا و پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر عێراق و ئێران و مێژووی کەنداو لە شەری یەکەمی کەنداویشدا شرۆڤەکاری باردۆخی عێراق بووە لە دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA.خاتوو یاف لە ساڵی ١٩٩٥ گەورە شرۆڤەکاری سیاسیی بووە لە بیرۆی رۆژهەڵاتی نزیك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا . بۆ چونەکانی جودیس یاف زۆر نزیکە لە بۆچوونی موخابەراتی و ئەو زانیاریانەی کاری لەسەر دەکات زانیاری وردن و عێراق وەك بەشێك لە کەنداو رۆژهەڵاتی ناوەراست سەیر دەکات، ئەمەش دەقی ئاخافتنەکەی خاتوو جودیس یافا بۆ گوڵان.

جودیس یاف شرۆڤەکاری سیاسیی لەسەر عێراق :

ئێستا هاوکێشەی سیاسی لە کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پارتی دیموکراتی کوردستان ئێستا لە هەموویان بەهێزترە و بەهێزتریش دەبێت

*** عێراق بە قۆناغێکی هەستیاردا دەڕوات کە بریتییە لە قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و لە مانگی داهاتوودا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ دەبەن؟**

- لە راستیدا ئەمە دەوستێتەسەر خودی عێراقییەکان خۆیان، ئێمە دەزانین ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کارێکی گرنگە، بەڵام ناکرێت بە چارەسەرێکی سیحری بزانین، بە چەشنێك پێمان وابێت تەنها بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەتوانین بانگەشەی ئەوەبکەین کە کەموکوڕیمان نییە و دیموکراسیمان پیادە کردووە، چونکە دەبێت چاوەڕێی بکەین و ببینین دوای هەڵبژاردنەکان حکومەت بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و کەسە بەرپرسەکان چۆن هەڵدەبژێردرێن و ئایا پێگە و پایە حکومییەکان بەپێی موحاسەسەی تائیفی دابەش دەکرێت، بۆ نموونە ئایا بە هەمان شێوەی رابردوو سەرۆك کۆمار کورد دەبێت و یەکێك لە جێگرەکانی سوننە و ئەوی دیکەیان شیعەدەبێت، ئایا سەرۆك وەزیران لە شیعە دەبێت و یەکێك لە جێگرەکانی کورد و ئەوی دیکەیان سوننە دەبێت،

ئەگەر بەم شێوەیە کارەکان بەڕێوەببردرێن ئەوا ئەمە شێوازێکی سەرکەوتو نییە بۆ هێنانەدی حکومەتێکی کار. من دەبێت ئەوە بڵێم کە بوونی دامەزراوە دیموکراسییەکان گرنگە، بەڵام دەبێت عێراقییەکان خۆیان ئەوە یەکلابکەنەوە کە ئایا چ جۆرە دیموکراسیەتێکیان دەوێت، ئایا دەیانەوێت بە چەشنی ئەمەریکا دیموکراسیەتێکی کراوە پیادە بکەن، یاخود خوازیارن ئەزموونی لوبنان دووبارەبکەنەوە، مەبەستم ئەوەیە عێراق لەبەردەم تەحەددای ئەوەدایە کە ئایا دەبێت دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو لایەك بڕەخسێنێت بۆ گەیشتن بە پایە حکومییەکان، یاخود کار بۆ ئەوە بکات زەمانەتی پشکێکی دیاریکراو بکات بۆ پێکهاتە جیاوازەکان.

*** ڕاستە هەڵبژاردنەکان هەنگاوێکی گرنگن، بەڵام دەبێت لە دۆخێکی سەقامگیردا ئەنجام بدرێن، ئەمە لە کاتێکدا لە عێراق سەرەڕای نەبوونی سەقامیگری و کێشە ئەمنییەکان ئەوا چەندین کێشەی سیاسیش لە ئارادایە، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین کە پرۆسە سیاسییەکە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بە هەمان شێوە پرۆسەی ناشتەوایی نیشتمانیش ئاڵۆزی تێکەوتووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، یاخود تا رادەیەك ئەم کێشانە هەڕەشە و بەربەستن لەبەردەم هەڵبژادنەکاندا؟**

- من پێم وانییە ئەم هەڵبژاردنانە ببنەهۆی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە، بە تایبەتی لە مەودای نزیکدا. لەلایەکی دیکەوە باس لەوەدەکرێت کە لە دوای ئەم هەڵبژاردنانەوە چیتر کار بە دروستکردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ناکرێت، واتە چیتر سەرۆك کۆمار دوو جێگری نابێت کە بە پێی دابەشبوونی ئیتنی و تائیفی دیاری دەکران، ئەگەر

ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان کارێکی گرنگە، بەڵام ناکرێت بە چارەسەرێکی سیحری بزانین

له بیروبۆچونی من بپرسن لەئاست ئەم پرسەدا ئەوا من دەڵێم ئەگەر لە رووی تیوریيەوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین، ئەوا لە دیموکراسیدا پۆستەکان لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دابەش ناکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت شێوازێك هەبێت بۆ دابەشکردنی دەسەلآت لەو دیموکراسییەی لە عێراقدا پیادە دەکرێت، لە هەمان کاتدا من پێم وایە دەسەلآتی سەرۆك وەزیرانی داهاتوو لە دیاری کردنی ئەو کەسانەی بە شایستەیان دەزانێت لە کابینەکەیدا، بێ ئەوەی ناچاربێت بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ پێکهاتە و لایەنە جیاوازەکاندا و رەزامەندییان بەدەست بهێنێت کاریگەری دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

*** کێشەکانی عێراق تەنها پەیوەست نین بە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقییەوە، بەڵکو ئێمە دەزانین کە دەوڵەتە دراوسێکانیش هەوڵی دەستێوەردان دەدەن و کار بۆ ئەوە دەکەن کاریگەرییان هەبێت بەسەر ئاراستە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە، ئێمە لێرەدا دەپرسین ئایا لە حاڵەتی بوونی ئەم هەموو دەستێوەردانەدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبن؟**

- بە دڵنیاییەوە دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان زۆر زیانبەخشە، واتە دەبێت کار بۆ راگرتن و کۆتایی پێهێنانی بکرێت، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتیشە، لەبەر ئەوەی تێکڕای ئەم دەوڵەتانە، لە نێویاندا سعودیە و ئێران دەستێوەردان و کاریگەربوون لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن. ئەگەرچی ئەمەش خزمەت بە بەرژەوەندی عێراقییەکان ناکات.

*** لە عێراقدا دیموکراسی بوونی نییە، واتە خیتابی تائیفی جێی خیتابی دیموکراسی گرتۆتەوە، بە هەمان شێوە دروشم و بانگەشەی پارتەکانیش لە سروشتێکی ئیتنی و تائیفیان هەیە، نەك نەتەوەیی، ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێننەوە؟**

- لە راستیدا ئەمە دەقا و دەق لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی راست و دروست نییە، چونکە چەندین هاوپەیمانێتی هەن کە دروشم و بانگەشەی نەتەوەیی و نیشتمانیان هەیە، ئێوە لە بارەی ئەمانەوە دەڵێن چی، ئایا ئەمانە بەدیلێکی باش نین؟ ئەگەر ئێوە باس لەوە بکەن کە ئەم پارتانە تەنها هەوڵی پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدەن، ئەوا وەڵامەکە ئەوەیە ئەمە سروشتی سیاسەتە لە هەموو شوێنێك، بەڵام گرنگ ئەوەیە رەخنە و چاودێری لەسەر حکومەت هەبێت و بەرپرسەکان رووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە، چونکە دیموکراسی تەنها هەڵبژاردن و دەنگدان نییە.

*** ئێمە دەزانین هەرێمی کوردستان جیاوازە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، بەهۆی ئەو ئارامی و بەرەوپێشچوون و پرۆسەی پتەوکردنی کەلتوری دیموکراسی کەلەم هەرێمەدا بەردەوامە، بە تیرۆانینی ئێوە ئایا هەرێمی کوردستان بەم بارودۆخەوە تا چ ئاستێك دەیێتە هۆکارێکی ئیجابی لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- رەنگە ئەوەی من دەیڵێم لەبارەی کوردستانەوە بە دڵی ئێوە نەبێت، بەڵام هەر دەیڵێم، من پێم وایە حاڵی حازر لە کوردستاندا هاوسەنگی هێز و پەیوەندیی نێوان پارتە سیاسییەکان گۆڕاوە، بە تایبەتی بەهۆی هاتنەسەر شانۆی پارتێکی سێیەمەوە بە ناوی گۆڕانەوە، کە ئەمە دۆخێکی دروستکردووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە

لە دیموکراسیدا پۆستەکان لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی دابەش ناکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت شێوازێك هەبێت بۆ دابەشکردنی دەسەلآت لەو دیموکراسییەی لە عێراقدا پیادە دەکرێت

گۆڕەپانەکەدا بەرەو لاوازی دەچێت و پارتی دیموکراتی کوردستانیش زیاتر بەهێزتر دەبێت، هەروەها ئەوەی لە کوردستاندا هەیە بە تەواوەتی کرانەوە نییە، من باوەڕم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو کێشەی هەیە، یەکەمیان کێشەی کەمینەیە لە کوردستاندا، کە بە راستی تەرخانکردنی چەند کورسییەکی دیاریکراو بۆ کەمینەکان کە بەهۆی تەرتیباتێکی نهێنییەوە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەم کورسیانەش یەکلادەکرێتەوە، بە دیموکراسی دانانرێت، لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ بەغدا هەیە، کە من پێم وایە ئەوەی پێشووتر باس دەکرا کە کوردستان دەبێتە مۆدیلێك بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق لە رووی بەرەوپێشچوون و دیموکراسی و گەشەکردنەوە، لە ئایندەدا پێچەوانە دەبێتەوە، واتە من باوەڕم وایە لە ئایندەدا بەغدا دەبێتە ئەم مۆدێلە لە عێراقدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی گرێبەستەکانی نەوت ئیمزاکران. ئەمە لێکدانەوەی منە، کە دەکرێت من هەڵەبم لەم لێکدانەوەیەمدا.

*** ئایا تا چ رادەیەك گەشبینیت بە سەقامگیربوونی عێراق لە مەودای نزیکدا؟**

- من گەشبینم بەوەی عێراق سەقامگیری بەخۆوە دەبینیت، هەروەها من ئیعجابێکی زۆرم هەیە بە توانای عێراقییەکان بۆ سازشکردن لەگەڵ یەکدا، جا کوردەکان بن یان عەرەبەکان، واتە عێراقییەکان ئەو راستییە دەزانن کە سازشکردن باشترە لە دروستبونی ناکۆکییەکی مەترسیدار لە نێوانیاندا، بۆ نموونە لەسەر کەرکوك سازشکرا، ئەگەرچی سازشێکی بچوکیش بوو، بەڵام ئاماژەیەکی باش بوو بەوەی عێراقییەکان دەیانەوێت خۆیان لە دروستبوونی ناکۆکییەکی مەترسیدار دووربخەنەوە.

*** ئایا تا چ رادەیەك هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پێگەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دیاری دەکەن، ئایا ئەمەریکا پێداچوونەوە بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دەکات، ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو نەبوون و دۆخەکە بەرەو ئاڵۆز بوون چوو؟**

- ئەگەر تووندوتیژی بەرەو هەڵکشان بچێت و بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆزبێت، ئەوا هەروەك جەنەراڵ ئۆدێرنۆ رایگەیاند رەنگە ئەمەریکا دووبارە پێداچوونەوە بە رەوتی کشاندنەوە و ژمارەی ئەو هێزانە بکاتەوە کە بڕیارە پاشەکشەیان پێبکرێت، هەروەها من شەخسی خۆم خوازیاری ئەوەنیم ئەمەریکا بە چەشنێك بکشێتەوە کە بێتەهۆی لەدەستدانی ئەو هەموو بەرەوپێشچوونەی بەدی هاتووە. چونکە رووداتی تووندوتیژی بە ئاستی ئەو تووندوتیژییەی لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦دا لە ئارادابوو مەترسی جیددی لێدەکرێت بێتەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من گەشبینم، هەروەها من ئیعجابێکی زۆرم هەیە لە ئاست ئەو بەرەوپێشچوونەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەدەستیان هێناوە، هەروەها من بە بەرزییەوە لە ئامادەیی هەمەلایەنە عێراقییەکان دەڕوانم بۆ ئەوەی سازشبکەن لەگەڵ یەکدا ئەگەرچی سازشێکی بچوکیش بێت، چونکە دەبێت ئەو راستییە بزانین کە دۆزمنایەتی و رق و بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان عێراقییەکاندا هەیە، بەڵام چارەسەرەکەش ئەوەیە بە هەنگاوی لەسەرخۆ کار بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخە بکرێت و هەوڵبدرێت هەموو لایەك بۆ ئایندە بڕوانین و چاویان لە بنیاتنانی ئایندە بێت.

من گەشبینم بەوەی عێراق سەقامگیری بەخۆوە دەبینیت، هەروەها من ئیعجابێکی زۆرم هەیە بە توانای عێراقییەکان بۆ سازشکردن لەگەڵ یەکدا، جا کوردەکان بن یان عەرەبەکان، واتە عێراقییەکان ئەو راستییە دەزانن کە سازشکردن باشترە لە دروستبونی ناکۆکییەکی مەترسیدار لە نێوانیاندا

پرۆفیسۆر کینس کاتزمان کە ئێستا یەکێکە لە تۆژەرە گەورەکانی ئامۆژگای ئەنجوومەنی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست پسپۆر تایبەتمەندە لەسەر(عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو) لە ساڵانی ١٩٩٦ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکا بووە لە ساڵانی ١٩٨٥-١٩٨٩ کاری لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئەگەر ئاڵوگۆڕبوونی باردۆخەکە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، پرۆفیسۆر کاتزمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گۆڵان دەربڕی.

کینس کاتزمان بۆ گۆڵان:

ئەو توندوتیژییەی بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە ڕووەدات زیاتر بەغدا و ئەنبار دەگرێتەوە، بەڵام ناگاتەوە ئاستی ساڵانی 2006 و 2007

ئیدارەی ئۆباما پابەند دەبێت بە ئەرکی خۆیەوە لەوڵاتەدا سەرەڕای ئەو کێشانەی لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا سەریانهەڵداوە و ئەو توندوتیژیانەی بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە دروست بوون

*** حاڵی حازر عێراق خۆی بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان ئامادە دەکات، ئایا بە تێروانینی ئێوە تا چ ڕادەیەک ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق؟**

- لە ڕاستیدا چەند ئاماژەیەک لە ئاراداین کە بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت، سەرەکیترینیان کێشەی دورخستنەوە و بێبەشکردنی هەندێ لە سەرکردە دیارەکانی سوننەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە گوزرێکی گەورە بوو لە دیموکراسییەتی عێراق، لەبەر ئەوەی دورخستنەوەی ئەم کەسانە لەلایەن ڕکابەرەکانیانەوە بوو، واتە پرۆسەی دورخستنەوەیان پرۆسەیەکی شەفافانە نەبوو، لەم ڕوانگەیەوە ئەگەری گەورە هەیە کە سوننەکان دووبارە هەست بە ئائومێدی بکەنەوە لە ئاست سیستەمە سیاسییەکە لە عێراقدا و ڕەنگە پەنا بۆ توندوتیژیش ببەن.

*** بەڵام ئایا پێشبینی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ دەکەیت؟**

- من پێم وایە توندوتیژییەکە ناگەڕێتەوە ئاستی ئەو توندوتیژییەی لە ساڵەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دا لە ئارادابوون، بەڵام ئەگەر سوننەکان هەست بکەن پێگەیەکیان نییە لە پرۆسە سیاسییەکەدا ئەوا توندوتیژییەکی گەورە بەرپا دەبێت.

*** لە عێراقدا دروشمە سیاسییەکانی لایەنە ڕکابەرەکان دروشمگەلێکی تائیفی و ئیتنین، واتە لە عێراقدا هەست بە بوونی ناسنامەیەکی نیشتمانی ناکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە لە وڵاتێکدا کە ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتو بوونی نەبوو، چۆن هەڵبژاردنەکان دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان و هێنانەدی دیموکراسی؟**

- ئەمە پێویستی بە کاتە و لە ماوەی هەڵبژاردنێکدا ڕوونادات، بەڵام هەڵبژاردن یارمەتی ئەم پرۆسەیە دەدات، ئەگەرچی حاڵی حازر تەمی گومان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق نیشتوە بەهۆی کێشەی دوورخستنەوەی هەندێ لە پاڵێوراوەکان، هەروەها پرۆسەی پێکهێنانی ناسنامەی نیشتمانیش تێکدراوە.

*** ئێمە دەزانین چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا هەیە، بە تایبەتی کێشەی کەرکوک، ئایا ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- من باوەڕم وایە وانییە ئەم کێشانە بەهۆی ئەم هەڵبژاردنانەوە چارەسەربکرێن، لەبەر ئەوەی ئەم کێشانە نەبونەتە فاکتەرێکی سەرەکی لەم هەڵبژاردنانەدا.

*** ئایا ئەگەری ئەوە ناکرێت توندوتیژی بەشەکانی دیکەی عێراق بپەرێتەوە بۆ کوردستان؟**

- من باوەڕم وایە ئەو توندوتیژییەی بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە ڕووەدات زیاتر بەغدا و ئەنبار دەگرێتەوە و پێم وانییە بپەرێتەوە بۆ بەشی باکوری وڵاتەکە.

*** کوردەکان هەوڵدەدن لە ڕێی گفتوگۆ و بە شێوازی دیموکراسی کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەربکەن، بەڵام ئەگەر ئەم شێوازە سەرکەوتوو نەبوو، ئایا هیچ بەدیلێکی دیکە لە بەردەم کوردەکاندا دەمێنێتەوە؟**

- ڕەنگە ڕێگاچارە و بەدیلی باشتری لە ئاراداانەبێت، بەڵکو دەبێت کوردەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی بەغدا کاربکەن.

*** تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەوەی ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی دیاریکردنی پێگەی ئەمەریکا لە عێراق و ئایا تا چ ڕادەیەک ئیدارەی ئۆباما پێداگیری لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی دەکات لە عێراقدا ئەگەر هەڵبژاردنەکان نەبونەتە هۆی هێنانەدی سەقامگیری لە وڵاتەکەدا؟**

- من پێم وایە ئیدارەی ئۆباما پابەند دەبێت بە ئەرکی خۆیەوە لەوڵاتەدا سەرەڕای ئەو کێشانەی لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا سەریانهەڵداوە و ئەو توندوتیژیانەی بەهۆی هەڵبژاردنەکانەوە دروست بوون .

پرۆفیسۆر جەی رانسۆم کلارك ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی مۆسکین و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەبارەت بەم قۆناخە هەستیارەی ئێستا عێراق پێیدا تێدەپەڕێت، پرۆفیسۆر کلارك بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

رانسۆم کلارک بۆ گوڵان:

ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ئەمەریکا زۆر گرنگن، هێنانەدی عێراقێکی سەقامگیر پێگەیەکی تایبەتی لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەیە

*** عێراق بە قۆناغێکی هەستیاردا دەڕوات کە بریتییە لە قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و لە مانگی داهاتوودا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ دەبەن؟**

- لە راستیدا گرنگ ئەوەیە کار بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیری لە عێراقدا بکرێت، پێموایە ئەم هەڵبژاردنانە دەرفەتێکی راستەقینەن بۆ ئەوەی هەنگاوێکی زیاتر بەرەو چەسپاندنی سەقامگیری هەڵبگیرێت.

*** ئایا ئەم هەڵبژاردنانە دەبنە هۆی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، یاخود تا رادەیەك ئەم کێشانە هەڕەشە و بەربەستن لەبەردەم هەڵبژادنەکاندا؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی زیادبوونی ناسەقامگیری لە عێراقدا، دەبنە ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدانەکەشدا، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت بەو شێوەیە لەم هەڵبژاردنانە بڕوانین کە دەرفەتێکن بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە، هەرچەندە مەرجیش نییە بتوانرێت ئەم هەنگاوە هەڵبگیرێت، بەڵام هەروەك وتم ئەمە دەرفەتێکە، هەروەها ئەو کۆسپانەی ئێوە باسیان دەکەن کە ڕێگرن لە بەردەم پرۆسەکەدا، ڕەنگە بتوانن تەنها بەسەر بەشێکیاندا زاڵبن، کەواتە ئێوە لە دۆخێکی دژواردان.

*** ئایا گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ئەمەریکا چییە؟**

- ئەم هەڵبژاردنانە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زۆر گرنگن، لەبەر ئەوەی هێنانەدی عێراقێکی سەقامگیری پێگەیەکی مەرکەزی لە سیاسەتی ئەمەریکادا هەیە، کەواتە ئیدارەی ئەمەریکا هێندەی عێراقییەکان خۆیان خوازیاری بەدیهێنانی سەقامگیرین لەو وڵاتەدا.

*** ئایا تا چ رادەیەك هەڵبژاردنەکانی داهاتوو پێگەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دیاری دەکەن، ئایا ئەمەریکا پێداچوونەوە بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دەکات، ئەگەر هاتوو هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو نەبوون و دۆخەکە بەرەو ئالۆزبوون چوو؟**

- ئەمە پرسیارێکە قورسە بۆ کەسێك کە خۆی بەشێك نییە لە ئیدارەی ئەمەریکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بڕوات، هیوادارم بەم ئاڕاستەیەدا نەڕوات، ئەوا ئەگەری زۆرە کە ئیدارەی ئۆباما پێداچوونەوە بە پرۆسەی پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی لە عێراقدا بکات، ئەمە وارەدە، هەروەها ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا عێراقیان جێهێشت و وڵاتەکە بەرەو شەڕی ناوخۆیی و ئالۆزی و پشێوی خزا، ئەوا ئەمە وێنەیەکی زۆر هەڵە بە جیهان دەدات لە بارەی ئەمەریکاوە. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خوازیاری ئەوەن عێراق سەقامگیربێت، بەڵام ئەگەر ئەم سەقامگیریە تەنها بەهۆی بوونی هێزەکانی ئەمەریکا بەدیبهێنرێت و سەرەڕای ئەمەش ئەم دەوڵەتانە سووربن لەسەر کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەوا ئەم دەوڵەتانە بە رووکەش شتێك دەڵێن و لە ناخیشدا باوەڕیان بە شتێکی دیکەیە، چونکە پێموایە سەقامگیری عێراق خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەموو دەوڵەتە دراوسێکان دەکات.

*** تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە هۆکارێکی ئیجابی دەبن بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بە تایبەتی کەرکوك و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، هەروەها تا ئاستێك ئیدارەی ئەمەریکا بایەخ بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق دەدات؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە ڕەگوریشەی ئەم کێشانە زۆر قوڵن و دریژدەبنەوە بۆ پێش داگیرکردنی عێراق

لایەن ئەمەریکاوە، واتە کێشەی پەیوەست بە کـــورد و حکومەتی عێراقەوە، هەروەها کێشە و دابەشبوونی قوڵی تائیفی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بۆ رابردوویەکی دوورتر دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە چارەســـەرکردنیان پێویســـتی بە کاتێکی زۆر و بە نیازپاکی هەموولایەك هەیە، کە پێدەچێت حاڵی حازر ئەم نیازپاکییە لـــە ئارادانەبێت. هەروەها چۆنیەتی ئاوێتەبوونی هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی سەقامگیرە لە چوارچێوەی سیستمی حکومڕانێتی بەغدا کە بەغدا و بەشەکانی دیکەی عێراق ناسەقامگیرن، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر چۆنییەتی چارەسەربوونی ئەم کێشانە دەبێت.

*** ئێمـــە دەزانین هەرێمی کوردســـتان لە بەشەکانی دیکەی عێراق جیاوازە، بەهۆی ئەو ئارامی و بەرەوپێشـــچوون و پرۆسەی پتەوکردنی کولتووری دیموکراسی کە لەم هەرێمەدا بەردەوامە، بـــە تێڕوانینی ئێوە ئایا هەرێمی کوردستان بەم بارودۆخەوە تا چ ئاستێك دەیێتە هۆکارێکی ئیجابی لە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- هەرێمـــی کوردســـتان دەتوانێت رۆڵی یارمەتیدەر لەم رووەوە ببینێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە هێشـــتا بەشەکانی دیکەی عێـــراق بایەخی پێویســـتیان بە وردبوونـــەوە و خوێندنـــەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەداوە، کە ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە، ئەگەر نەڵێین مۆدێلێکە بۆ بەشـــەکانی دیکەی عێـــراق — ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی ئەم هەرێمە بەدەســـت کێشـــەگەلێکی راســـتەقینەوە دەناڵێنێت، رەنگە هۆکارەکەش ئەوەبێت کە بەشەکانی دیکەی عێراق پتر سەرقاڵبن بەو کێشە و شەڕ و ناکۆکیە تائیفی و ئاینییەوە کە بە دەستیەوە گرفتارن.

*** کێشەکانی عێراق تەنها پەیوەست نین بە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقەوە، بەڵکو ئێمە دەزانین کە دەوڵەتە دراوسێکانیش هەوڵی دەســـتێوەردان دەدەن و کار بۆ ئەوە دەکەن کاریگەریان بەســـەر ئارامستە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکانـــەوە هەبێت، ئێمـــە لێرەدا دەپرسین ئایا لە حاڵەتی بوونی ئەم هەموو دەســـتێوەردانەدا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبن؟**

- مـــن بـــۆ ماوەیەکی دوورودرێـــژە ئەو پرســـیارەم تاوتوێکردووە کە ئایا کوردستان بەشێکی سروشتیە لە عێراق، هەروەها لە دەرئەنجامدا من پشتیوانی ئەوەم کردووە لە عێراقدا فیدراڵیەت پیادەبکرێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان نیمچە سەربەخۆییەکی هەبێت، بەڵام نەگاتە ئاســـتی جیابوونەوە و ســـەربەخۆیی تـــەواو، لەبـــەر ئەوەی کوردستان لە زۆر رووەوە شایستەی ئەوەیە خۆی کاروبارەکانی خـــۆی بەڕێوەببات، لە راســـتیدا لە زۆر بواردا پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی مەرکەزی بۆ بەڕێوەبردنی کاروبـــارەکان، کوردەکان پەرۆشی بەرەوپێشـــچوونی زیاترن، بەڵام ئەوان لەم رووەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفـــت بوونەتەوە، کە دەســـتێوەردانی دەرەکیش لە چوارچێوەی ئەم کێشـــانەدا دێـــت، کە لەوتـــەی مـــن موتابەعەی کێشەی کورد دەکەم ئەم دەستێوەردانانەش بەردەوامن.

*** لە عێراقدا دیموکراسی بوونی نییە، واتە خیتابی تائیفی جێی خیتابی دیموکراسی گرتۆتـــەوە، بە هەمان شـــێوە دروشـــم و بانگەشەی پارتەکانیش سروشتێکی ئیتنی و تائیفیان هەیە، نەك نەتەوەیی، ئێوە چۆن ئەم بارودۆخە دەخوێننەوە؟**

- ئەوەی ئێوە لەم پرسیارەتاندا ورژواندوتانە دوپاتکردنەوەی ئەو لێکدانەوە و تێڕوانینەی منە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد کە بەشەکانی دیکـــەی عێراق بایەخ بە ســـەرنجدان لە ئەزمـــوون و دۆخـــی کوردســـتان نادەن،

ئەم هەڵبژاردنانە دەرفەتێکی راستەقینەن بۆ ئەوەی هەنگاوێکی زیاتر بەرەو چەسپاندنی سەقامگیری هەڵبگیرێت

هێشتا بەشەکانی دیکەی عێراق بایەخی پێویستیان بە وردبوونەوە و خوێندنەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەداوە، کە ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتووە

واتە ئەم ئیهمالکردنەی کوردستان، کە مەبەستم لەوەیە تەنانەت کوردستان نەبۆتە بەشێك لەو پرسانەی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا دەوروژێنرێت، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی بەشەکانی دیکەی عێراق هیچیان نییە تا پێشکەشی کوردستانی بکەن. لە لایەکی دیکەوە گەشەکردنی خیتابی دیموکراسی پێویستی بە کاتێکی زۆرە و ناکرێت لە لولەی تفەنگەکان و لە ئەنجامی تەقینەوانەکانەوە گەشەبکات، کە حاڵی حازر لە عێراقدا پەنابردن بۆ بەکارهێنانی چەك و تەقینەوە بەدی دەکرێت و بە دڵنیاییشەوە ئەمە کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر ئایندەی دووری وڵاتەکە دەبێت.

*** ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا لە پشتگیرکردنی کوردستان چی دەبێت؟**

- بە دریژایی مێژوو ئەمەریکا هەڵوێستێکی جێگیری بەرامبەر کوردەکان نەبووە، واتە هەندێ جار پشتیوانییەکی بەهێزی کردوون و هەندێ جار لەبیری کردوون، بەڵام حاڵی حازر بەهۆی ئەوەی ئیدارەی ئەمەریکا بایەخ بە سەقامیگری عێراق دەدات، ئەوا گرنگیەکی زۆریش بە کوردەکان دەدات، نیگەرانی من ئەوەیە کوردەکان زیاد لە پێویست پشت بە هاوکاری و پاڵپشتی ئەمەریکا ببەستن، واتە دەبێت لەم رووەوە کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بۆ هەوڵەکانیان لە عێراقدا تەنها خۆیان پەیوەست نەکەنەوە بە ئەمەریکاوە، بەڵکو هەوڵبدەن ئەو پشتیوانییە گەورەتر و فراوانتر بکەن. لەبەر ئەوەی کێشەی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی عێراق کێشەیەکی مەرکەزییە و لە راستیدا سەرکەوتنی ئەم پێکەوەژیانەش زۆر زۆر زەحمەتە. من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کوردەکان بە بەدگومانییەوە لە حکومەتی بەغدا دەڕوانن، هەقی خۆشیانە، لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی بێ متمانەیی زۆرن، ئەگەر من راسپاردەیەکم بۆ سەرکردە کوردەکان هەبێت، ئەوە پێیان دەڵێم کە بایەخ بە باشترکردنی بارودۆخی خۆتان بدەن و زۆر پشت بە هاوکاری و یارمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەبەستن، من ئومێدم دەکرد بمتوانیایە شتێکی جیاوازتر بڵێم، بەڵام ناتوانم. کێشەکە ئەوەیە حکومەتی عێراق بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە کوردەکان نادات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر گەورەی بۆ عێراق هەیە، لەلایەکی دیکەوە کوردەکانیش ناتوانن بە تەواوەتی خۆیان لە عێراق جیابکەنەوە و ئاراستەی سەربەخۆیی بگرنەبەر، لەبەر ئەوە لەم رووەوە کوردەکان لەبەردەم تەحەددا و گیروگرفتێکی جددیدان.

*** ئایا پێشبینی دەکەیت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی عێراق بکات؟**

- پێموایە بەهۆی ئەو قەیران و تەنگ و چەڵەمە ئابووریەی دووچاری جیهان هاتووە، رەنگە نەتوانرێت هاوکاریە دارایی و ئابووریەکان بۆ عێراق دابین بکرێت، لە لایەکی دیکەوە من زۆر متمانەم بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پشتیوانی کردنی عێراق نییە، لەبەر ئەوەی زۆربەی وڵاتان باوەڕیان وایە ئەوەی لە عێراقدا رووەدات، کێشەی ئیدارەی ئەمەریکایە و دەبێت خۆی چارەسەری بکات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- سەرکردەکانی ئێوە لە ژێر فشار و کێشەگەلێکی زۆر گەورەدان، من هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختیان بۆ دەخوازم، هیوادارم بە حیکمەتەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن کە بارودۆخێکی زۆر دژوارە.

خیتابی دیموکراسی پێویستی بە کاتێکی زۆرە و ناکرێت لە لولەی تفەنگەکان و لە ئەنجامی تەقینەوانەکانەوە گەشەبکات

سەرکردەکانی ئێوە لە ژێر فشار و کێشەگەلێکی زۆر گەورەدان

پرۆفیسـۆر تاهیر خەلەف جابر ئەلبەکە ئوسـتادی میژوو بووە لە زانکۆی موستەنسریە و دواتریش سەرۆکی زانکۆی موستەنسـریە بووە، لەساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ لە حکومەتە کاتیەکەی د.ئیاد عەلاوی وەزیری خوێندنی باڵای عێراق بووە، هەروەها ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەندامی لیژنەی نووسـینەوەی دەستوور بووە، ئێسـتا پرۆفیسـۆر ئەلبەکە ئوستادی زانستی میژووە لە زانکۆی بۆسـتن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ قسـەکردن لەسـەر رەوشـی عێراق و ئایندەی هەڵبژاردنەکان، بە پێویستمان زانی رای یەکێک لە کەسایەتیە سیاسـییەکانی عێراق وەربگرین، بۆیە لەگەڵ پرۆفیسۆر تاهیر بەکە ئەم ئاخاوتنەمان ئەنجامدا کە ئەمە دەقەکەیەتی.

تاهیر خەلەف جابر ئەلبەکە وەزیری پێشووی عێراق بۆ گوڵان:

قەناعەتی پارتە سیاسییەکانی عێراق بە دیموکراسی قەناعەتێکی راستەقینە نییە، بەڵکو قەناعەتێکی تاکتیکییە

*** ئێوە وەک وەزیر و وەک سەرۆکی پێشووی زانکۆی ئەلموستەنسـریە و ئێستاش وەک پرۆفیسـۆرێک لەزانکۆی بۆسـتن چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە دیموکراسی لە عێراقدا بەهۆی گەشـەکردنی سـێ شـتی کۆمەڵگەی عێراقییەوە دروسـت نەبوو، واتە کۆمەڵگەی عێراق لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسـییەوە بە چەشـنێک گەشەی نەکرد کە پێویست بە ئالیەت و سیستمی دیموکراتی بکات، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەدا دروست بێت، بە دەربڕینێکی دیکە دیموکراسی لە دەرەوە لەسەرەوەدا بەسەر عێراقدا سەپێنرا، واتە ئەمەریـکا دیموکراسـی هێناو لە خاکێکدا چاندی کە ساز و ئامادەنەکرابوو بۆ گەشـەکردنی، ئەمەش هۆکاری ئەو هەموو کێشە و گرفتانەیە کە رووبەڕووی بۆتـەوە. من دەڵێم رووبەڕووی کێشـە و گرفتـی ناوخۆیی و دەرەکـی دەبێتەوە، لەبەر ئـەوەی لە لایەک پێشـوازییەکی گەرمی جەمـاوەری لەلایـەن خەڵکی عێراقەوە لێدەکرێت، بەڵام ئەم دیموکراسییە لەلایـەن دەوڵەتـە ئیقلیمییەکانـەوە ڕەتدەکرێتـەوە، لە لایەکی دیکەوە ئێمە لە عێراقد دیموکراسـی راستەقینەمان نییە، بەڵام هەوڵ و تێکۆشـانی بۆ هێنانەدی دیموکراسـی هەیـە، واتە لـە عێراقدا

کەسانێکی دیموکراتیمان نییە، من لێرەدا مەبەسـتم خەڵکی عێـراق نییە، بەڵکو سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانە، چونکە زۆربەی پارتە سیاسییەکان پارتگەلێکی دیموکراتـی نیـن، واتە لە نـاو پارتە سیاسـییەکاندا هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت بۆ گۆڕینی دەستەی سەرکردایەتی ئەو پارتانە، کەواتە ئێمـە لێرەدا داوا دەکەین پارتە سیاسـییە نادیموکراتەکان هەڵبستن بە بنیاتنانی سیستمێکی دیموکراتی. کە ئاشکرایە ئەگەر خۆیان دیموکراسی نەبن، ئەوا ناتوانن دیموکراسی بنیات بنێن.

*** عێراق بە قۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەڕوات، بـەڵام ئێمە هیـچ خیتابێکی دیموکراتـی بەدی ناکەین، پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایا ئەم هەڵبژاردنـە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت نەخشەی سیاسی عێراق بگۆڕێت؟**

- من دەڵێم قەناعەتی پارتە سیاسییەکان بە دیموکراسـی قەناعەتێکی راستەقینە نییـە، بەڵکو قەناعەتێکـی تاکتیکییە، لەبـەر ئـەوەی دیموکراسـی لەگـەڵ بیروباوەڕی ئەم پارتانەدا ناگونجێت، ئێوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بڕوانن، لەبری ئەوەی موناقەشەی بەرنامەی چاکسازی پارتەکان بکرێت، دەستکراوە بە هەڵمەتی شـێواندن و تۆمەت داتاشین بۆ یەکتری، تەنانەت هاوپەیمانەکانی دوێنێش خراپترین تۆمـەت بۆ یەکتر دروسـت دەکەن. واتە ئەو کەسانەی پێشتر هەموویان دوژمنی سـەددام بوون و لە سەڵاحەدین و لەندەن کۆدەبوونەوە، ئێسـتا خەریکی شـێواندن و تۆمەت بەخشـینەوەن بەسـەریەکدا. ئێمە دەزانین هاتنـی ئەمەریکا کۆتایی بە دەسـەڵاتی خێزان و خێڵ هێنا، بەڵام ئێستا ئەو پارتە سیاسـییانە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە کە بە هزری تاقە سەرکردە و پارتی پێشڕەو بیردەکەنەوە، من دەڵێم پارتە حکومڕانەکان هەڵدەستن بە سەرکوتکردنی موعارەزە، ئەمە لە کاتێکدا دیموکراسـی راسـتەقینە دەرفـەت بـۆ دەرکەوتنی موعارەزە دروسـت دەکات، لەبەر ئەوەی

زۆربەی پارتە سیاسییەکان پارتگەلێکی دیموکراتی نین، واتە لە ناو پارتە سیاسییەکاندا هەڵبژاردن ئەنجام نادرێت بۆ گۆڕینی دەستەی سەرکردایەتی ئەو پارتانە

موعارەزە بە دوژمنی دەسەلات لەقەڵەم نادرێت. ئەوەی ئێستا لە عێراقدا بەدی دەکرێت ئەوەیە هەڵمەتی تەخوین کردن بەردەوامە و هەوڵدەدرێت لە ڕێی یاسا و چەندین ئامرازی دیکەوە تەجاوزی دەستوور بکرێت، من دەڵێم بارودۆخەکە جێی مەترسییە، من لێردا نیگەرانی خۆم دەردەبڕم، هەرچەندە ڕەشبین نیم، بەڵام دەبێت کار بۆ ڕزگارکردن و باشترکردنی دۆخەکە بکەین و بناغەیەکی پتەو دابنێین بۆ پرۆسەکە و ئەو ڕاستییە بزانین کە وڵات بە عەقڵییەتی تەخوینکردن و ڕیشەکێشکردن دروست نابێت و بنیاتنانرێتەوە.

*** لەم هەڵبژاردنەی ئەمجارەدا تێکڕای عێراقییەکان بەشداری دەکەن، بە موسڵ و کەرکوک و ناکۆکی لەسەرەکانیش، کە ئێمە دەزانین لە دەستووری عێراقیدا و بەپێی ماددەی ١٤٠ چارەسەر بۆ ئەم کێشانە دەستنیشانکراوە، ئێوە چۆن لەم چارەسەرە دەڕوانن و پێتانوایە ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هۆکارێك بۆ جێبەجێکردنی؟**

- هیوادارم ئێوە سەنگتان فراوان بێت بۆ قسەکانم، لە ساڵی ٢٠٠٤ کاك مەسعود بارزانی نەدوەیەکی گەورەی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی لە هەولێر گرێدا، منیش وەك سەرۆکی زانکۆی موستەنسریە بەشداربووم، برا کوردەکان باسی مەزڵومییەت و ستەم و خوێنڕژانی کوردەکانیان کرد، داوای فیدراڵییەتیان کرد، بەڵام عەرەبەکان هەڵوێستێکی موتەشنیجیان هەبوو، من بەو کەسایەتییە عەرەبانەم ڕاگەیاند کە دەبێت ئێوە هێوربینەوەو دەبێت بە شێوەیەکی جەوهەری دیراسەتی کێشەکە بکەن، سەرەتا کێشەی کورد پاشماوەی جەنگی جیهانی یەکەم بووە، هەروەها حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقیش ئۆبالیان دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی حکومەتەکانی عێراق خزمەتی خەڵکی وڵاتەکەیان نەدەکرد و هەر کەسێك لە خۆیان جیاوازبوایە سەرکوتیان دەکرد، هەروەها دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە سەردەمی دەوڵەتی نەتەوەیی کۆتایی هاتووە، ئێستا سەردەم و ڕۆژگاری دەوڵەتی نیشتمانییە، دەوڵەتی نەتەوەیی خەونێك بوو و تێپەڕیی و بەدی نەهات. بۆ بەدیهاتنیشی پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕەنگە شەڕێکی جیهانیش بکات، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری نێودەوڵەتی ئیقلیمی پێویست ڕووبدەن. من هەمیشە پشتیوانی و هاوسۆزی کورد بووم من دەڵێم لە ڕابردوودا کێشەکە لە نێوان سەرکردە کوردەکان و حکومەتی بەغدا بوو، ئەو کاتە حکومەتی عێراقی کوردەکانی دەچەوساندنەوە، بەڵام ئێستا مەترسی و نیگەرانی من ئەوەیە کێشەکە نەبێتە کێشەی نێوان گەلی کورد و گەلی عەرەب، من ئومێدی دەکەم ناسنامەیەکی نیشتمانی دروست بێت و هەموان هەست بە عێراقی بوون بکەن، بە چەشنێك کوردێك ببێتە پارێزگاری ئەنبار یان بەسرە. من لێردا دەڵێم کە من خوازیارم دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ببینم، بەڵام ئەمە خەونێکە و لە ژیانی ئێمەدا ڕووناداتە، هەروەك چۆن خەونی دروستبوونی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو لە ئێستادا ڕووناداتە، چونکە ئێمە پێشتر ئەم خەونەمان هەبوو کە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکانی ئێستا لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا کۆببنەوە، بەڵام ئەنجامەکە ئەوەبوو ئێمە دابەشبووین بەسەر چەندین خێڵ و تیرەی جیاوازەوە، ئێستا سەردەمی دەوڵەتی نیشتمانییە، هیوادارم ئەم دەوڵەتە لە عێراقدا دروست بێت و سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵی لە وڵاتەکەدا پیادەبکرێت. واتە ئامانجی من ئەوەیە کوردێك لە موسڵ لە سایەی سیستمێکی نامەرکەزیدا بە بەختەوەری ژیانی بەسەربەبات. پێمواییە نابێت ئێمە لە پێناو خەونێکی ناواقیعیدا کە بەدیهێنانی مومکین نییە، ژیانی نەوەیەك بکەینە قوربانی و بکەینە سووتەمەنی. لەلایەکی دیکەوە کوردەکان ڕووبەڕووی هاوکێشەیەکی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی زاڵمانە دەبنەوە، ئێوە لە ئەزموونی کۆماری مهاباد بڕوانن، کە بە یارمەتی سۆڤیەتییەکان دروست بوو، دواتر دەستی لە پشتیوانیکردنی هەڵگرت و ئێرانییەکان قازی محەمەد و خاوەنەکەیان لەسێدارەدا، ئێستاش من ئومێدی ئەوە دەکەم کە ناسنامەی نیشتمانی لە عێراقدا دروست بێت و ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرۆك وەزیرانی عێراق کورد بێت، وەك ئەوەی ئێستا سەرۆك کۆمار کوردە کە زۆر خۆشحاڵم دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە بناغەی دروستبوونی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراقدا.

*** پرسیارەکەی من پەیوەست بوو بە ڕۆڵی جێبەجێکردنی دەستوورەوە، مەبەستمان ئەوەیە ئایا جێبەجێکردنی دەستوور دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق لە هەرەسهێنان دووربکەوێتەوە و ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە جگە لە پابەندبوون بە دەستوورەوە ڕێگەچارەی دیکەمان نییە، ئەمە سەرەڕای ئەو سەرنجانەی هەمانە لەسەر دەستوور، چونکە دەستوور چەندین کەلێن و کەلەبەری تێدایە، هەروەها بە پەلە نووسراوەتەوە، بە هەمان شێوە ئێمە لە کاتی نووسینەوەیدا وەك پێویست لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیشتوو نەبووین، بەڵام ئێستا دەبێت پێوەی پابەندبین و بناغەیەکی دروست دابنێین بۆ ئەوەی بتوانین لە داهاتوودا هەمواری بکەینەوە، هەروەها ئەگەر ئێمە ڕێکبکەوین لەسەر ئەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو بمێنێتەوە ئەوا گرنگ نییە قەزایەك یان ناحیەیەکی دیاریکراو لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگایەك دەبێت. هەروەها ئەو ناکۆکیانەی هەیە لە ناوچەکانی موسڵ و کەرکوك، بە مایەی خێری نازانم و هیودارم کوردەکان بەرپرسیارێتی پاراستنی یەکگرتوویی خاك و خەڵکی عێراقیان لەبەرچاوبێت.

*** لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەستێوەردانێکی دەرەکی گەورە هەیە، بەتایبەتی لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە، ڕاوبۆچوونت سەبارەت بەم دەستێوەردانانە بەتایبەتی دەستێوەردانی ئێران لەهەڵبژاردنەکان دا چییە؟**

- جێی داخە هەموو وڵاتانی دراوسێی عێراق و ناوچەکە بەشێواز و قەبارەی جیاواز دەستێوەردانیان لەناو کاروباری عێراقدا هەیە، هەر لە ئێران و تورکیاو سووریاو سعودییەو کوێتەوە، لەمەشدا سوودیان لە نەبوونی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز لەعێراقدا وەرگرتووە، کە هاوشانی تێکچوونی بارودۆخە ناوخۆییەکەی

لە ڕابردوودا کێشەکە لە نێوان سەرکردە کوردەکان و حکومەتی بەغدا بوو، ئەو کاتە حکومەتی عێراقی کوردەکانی دەچەوساندنەوە، بەڵام ئێستا مەترسی و نیگەرانی من ئەوەیە کێشەکە نەبێتە کێشەی نێوان گەلی کورد و گەلی عەرەب

عێراقــە، هەمــوو بارودۆخێکــی وایان خولقانــدووە کە دەســتێوەردان ئاســان بێــت، کێشــەکە لەوەدایــە زۆر لەپارتە سیاسییەکان لەناوخۆی عێراقدا پێشوازی لەو دەســتێوەردانانە دەکەن، زۆر گرنگە حکومەتەکانــی ناوچەکە ئەو راســتییە بزانن دەســتێوەردان لەناوخۆی کاروباری عێراقدا زیان بەوانیش دەگەیەنێت، چونکە دەبێتە هۆی تێکچوونــی بارودۆخەکەو ناســەقامگیری بۆ هەمــوو ناوچەکەو ئەوانیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، راســتە دەستێوەردانەکە لەو روانگەیەوە هاتووە کە ئەزموونی دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەســەڵات و فیدرالّی لــە بەرژەوەندی حکومەتەکانی وڵاتانی دراوســێی عێراق نییەو ئــەم دۆخە جــۆرە دڵەراوکێیەکی لێکەوتۆتــەوە، بــەڵام بەردەوامبــوون لەدەستێوەردان یەکپارچەیی خاکی عێراق دەخاتە مەترســییەوە، کە ئەمەش بەدڵ و ویســتی ئەوانیش نییە، ئەرکی وڵاتانی دراوســێی عێــراق و حکومەتەکانیانــە سنووردار بۆ دەســتێوەردانەکانیان بۆ ناو کاروبــاری عێراق دابنێــن و لە هەوڵی پاراســتنی یەکپارچەیــی عێراقدا بن. لەلایەکی تریش ترسی ئەوەم هەیە عێراق بە پاڵپشــتی وڵاتانی گــەورەی جیهان بکرێتــە گۆڕەپانێك بــۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانی وڵاتانی دەوروبەرو.

بۆ دەربازبوون لەو واقیع و مەترســییانە ئەرکی ســەر شــانی ئەمەریکایە عێراق لەم دەســتێوەردانە دەرەکییانە بپارێزێت و پرۆسە سیاســی و دیموکراتییەکەی بۆ پێشەوە بەرێت و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکــەش لە ئەســتۆ بگرێت، ئەمەش بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقییە و دەکەوێتە سەرشانی ئەمەریکاو گەورە وڵاتانی تری جیهان و بگرە ســەرجەم هێزو پارتەکانی ناوخۆی پرۆسەی سیاسی عێراق.

*** لەهەڵبژاردنەکانــی عێراقــدا تێڕوانینێکی ئەمەریکی بۆ تەواوکردنی بەرنامــە بــۆ کشــانەوەی هێزەکانیان هەیە، هاوکات تێڕوانینێکی عێراقیش هەیە کــە واچاوەڕوانی هەڵبژاردنەکان دەکات بنەماکانــی دیموکراتی پتەوتر دەکات، ئایــا تێڕوانینە ئەمەریکییەکە کاردانەوەی ســلبی لەسەر بارودۆخی ئایندەی عێراق نییە؟**

- مــن هیــچ تێڕوانینێکــی عێراقی لەهەڵبژاردنەکانــدا نابینم بەقەت ئەوەی کێبڕکێ و ململانێیەکە بۆ بەدەستهێنانی دەســەڵاتە، ئەمە جێگــەی نیگەرانییە پارتــەکان هەمووی یەکتــری تۆمەتبار دەکــەن و هێرشــێکی نــاڕەواو دوور لە ئەخلاقییەت و کاری سیاســییەوە تانەو تۆمەتی مەترســیدار دەخەنە پاڵ یەکتر، ئەمــە دوورە لە فەلســەفەو بیروباوەڕی دیموکراتییــەوە، لەدیموکراتییەتیشــدا کێبڕکێ ئسوڵ و شێواز و بنەمای خۆی هەیە. سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش کە خاوەنی چەندین ئامانجە لە ناوخۆی عێراق و ناوچەکەدا، پێموایە دەبێت بەردەوام بێت لەسەر تەواجوودی لە عێراق، چونکە گەر لە عێراق بکشێنەوە، دەبێت ئەو پرســیارە بکەین دوای کشانەوە

ئومێدی ئەوە دەکەم کە ناسنامەی نیشتمانی لە عێراقدا دروست بێت و رۆژێک لە رۆژان سەرۆک وەزیرانی عێراق کورد بێت، وەک ئەوەی ئێستا سەرۆک کۆمار کورد کە زۆر خۆشحاڵم دەکات، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە بناغەی دروستبوونی ناسنامەی نیشتمانی لە عێراقدا

چی روو دەدات؟ گۆڕەپانەکە بە کراوەیی بەجێ دەمێنێت بۆ دەستێوەردانی ئیقلیمی و ململانێی تووندوتیژ..

*** ئەوەی تێبینی دەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر بایەخ بە مەسەلەی ئەمنییەت و ئاسایش دەدات، لەکاتێکدا ناکۆکی و ئاڵۆزییە سیاسییەکان لەنێو پارتە دەسەڵاتدارەکانی ناو پرۆسەی سیاسی عێراق گەیشتۆتە قۆناخێکی ئاڵۆز، ئایا ئەم هەڵبژاردنە دەیێتە هۆی تێکچوونی زیاتری بارودۆخەکەو کۆتاییهاتنی پرۆسەی سیاسی یاخود بە پێچەوانەوە زۆر لایەن لەیەکتر نزیك دەکاتەوەو حکومەتێکی بنکە فراوانی نیشتمانی پێك دەهێنێت؟**

- ئومێدەوارم ئاکامی هەڵبژاردنەکە نەبێتە هۆی تێکچوونی بارودۆخەکە، پێموایە ئاکامی هەڵبژاردنەکە رەنگە ببێتە هۆی پێکهێنانی حکومەتێکی بنکە فراوان، چونکە یەك هێزی سیاسی ناتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، ئەگەر بمانەوێت عێراق رزگار بکەین، دەبێت دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵ بکەین و بەرەو دامەزرانی حکومەتێکی فراوان بچین و ئۆپۆزسیۆنیش بەرەو ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابی هەنگاو بنێت، دەسەڵاتیش ئۆپۆزسیۆن وەکو دوژمن سەیر نەکات، بەڵکو تەواوکاری پرۆسە سیاسییەکەو دیموکراتییەکەیە و بەشێکە لەپێکهاتەی دەوڵەت. گەر بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هەڵسوکەوت بکەین، ئەوکات دابڕان و تووندوتیژی و ململانێی تووند دەکەوێتەوەو لەچوار ساڵی داهاتوودا عێراق بە تەواوەتی تێك دەچێت، پێویستە لەدوای پرۆسەی هەڵبژاردن بارودۆخەکە سروشتی خۆی وەربگرێت، ناکرێت هێزێکی سیاسی پێیەکی لەناو دەسەڵاتدابێ و پێیەکی لەناو ئۆپۆزسیۆن.

*** ئایا رێگە نەدان بە بەشداریکردنی ژمارەیەك لە کەسایەتی سوننە نایێتە هۆی تێکچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان؟**

- من پشتگیری لەو کەسایەتییانە ناکەم، بەڵام ناکرێت لە ساڵی ٢٠٠٥ ئەو کەسایەتییە سوننانە لە پرۆسەی سیاسی بەشداریان پێکرا، کەچی ئێستا رێگایان لێگیرا، پێموایە ئەمە تەنیا بەشێك بوو لە بانگەشەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەمەبەستی دۆزینەوەی دوژمن بۆ راکێشانی دەنگدەران.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئومێدەوارم عێراقییەکان باشترین پاڵێوراو هەڵبژێرن کە نوێنەرایەتییان بکات، دوور لەبنەمای ئیتنی و ئایینی کەسانی تووندڕەو نەهێننە ناو پرۆسەی سیاسییەوە و بەرەو دامەزرانی وڵاتێکی ئاوەدان و دیموکراتییەت هەنگاو بنێن. ڕێز و تەقدیرم بۆ کوردەکان هەیە و خۆشەویستی عەرەب بۆ کوردەکان زۆرەو ئەوەی لەرابردوودا روویاندا ململانێیەکی حکومەتی ناوەندی ئەوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی کوردا، ئومێدەوارم کوردەکان لە عێراقێکی فیدراڵی و یەکگرتوودا لە ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەرانی بژین.

ئەرکی سەر شانی ئەمەریکایە عێراق لەم دەستێوەردانە دەرەکییانە بپارێزێت و پرۆسە سیاسی و دیموکراتییەکەی بۆ پێشەوە بەرێت و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەش لە ئەستۆ بگرێت

سیستەمی حزبایەتی و هەڵمەتەکانی هـــ
هاوپەیمانی کوردستان و کانـــ

***

((دەنگی گەل هەموو شتێکە، کەس بەدەنگی گەل نائومێد نابێت، بەبێ دەنگی گەل هیچ شتێك سەرکەتوو نابێت، هەربۆیە کارتەکانی دەنگدان باشترین جێگرەوەی گونجاوی بەکارهێنانی تووندوتیژیە))

لنکۆڵن

***

کەی دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە دەنگی گەل هەموو شتێکە و کەس بەدەنگی گەل نائومێد نابێت؟ بێگومان ئەوکاتانەی بەرنامەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکان دەخوێنینەوە، سەرنج دەدەین کە بەرنامەکانی هاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژاردنەکان تێکەڵ ناکات و ڕێساکانی گەمە دیموکراتیەکە لەبەرچاو دەگرێت. ئایا کەی دەگەینە ئەو قەناعەتەی کارتەکانی دەنگدان باشترین جێگرەوەی گونجاوی پەنابردن بۆ تووندوتیژی و ناشرینکردنی یەك و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی بەرامبەر؟ بێگومان ئەو کاتانەی سەیری بانگشە هێمنەکانی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن، کە وەك کاندیدێکی سەربەخۆ باوەڕ بەخۆ و باوەڕ بە دیموکراتی و فرەلایەنی و پێکەوە ژیان و ڕێزگرتنی جیاوازییەکان بانگێشەی هەڵبژاردن بۆ خۆی و قەوارەکەی دەکات و هەستی بەرامبەر بریندار ناکات.

ئەگەر پرسیارێکی دیکە بوروژێنین و لە خۆمان بپرسین کەی ئەو کولتوورە دیموکراتیەی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ گۆشکراوە، دەبێتە نەریتی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ پابەندبوون بە بنەماکانی دیموکراتیەوە؟ بێگومان ئەو کاتە ئەم کولتوورە ڕەگداەکوتێت کە هەموومان دەنگ بدەین بە هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمەی دەیڵێین بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن یان بۆ ئەوە نییە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەیەکی زۆری دەنگەکان بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو حزبە جەماوەریە کە هەتا ئێستا متمانەی زۆری جەماوەری کوردستانی پاراستووە و هەر بەرنامە و پڕۆگرامێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش فاکتەری سەرەکی بووە بۆ پاراستنی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و ڕێزگرتن لە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی و ڕێکخستنی دیاردەی فرە لایەنی لە کوردستاندا، مێژووی زیاتر لە پەنجا ساڵی پارتی لە ناو خەباتی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بۆ دیموکراتی بۆ عێراق و چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستان بە دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ حکومەتە یەك بەدوا یەکەکانی عێراقدا، ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە زۆر کەم ئاماژەی پێدەکرێت، ئەویش ئەو ڕاستییە لەهەر قۆناخێکدا پارتی بەهێز بووبێت، ئەوا سەرەتای دەسپێکی بڕوابوون بە دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەی ئاشتیانە بۆتە بەرنامەی حکومەتەکانی عێراق و لەگەڵ ئەوەی هیچ حکومەتێکی عێراقی هەتا ساڵی ٢٠٠٣ بڕوای بە دیاردەی پێکەوە ژیان و فرەیی سیاسی لە عێراقدا نەبووە، بەڵام کە پارتی بەهێزبووە بە ناچاری باسی بەرەی عێراقی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ دیموکراتی و دامەزراندی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن هەبووە، تەنانەت دوای ئەوەی پارتی بە هەنگاوە کارتۆنییەکانی حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ڕازی نەبووە، حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی لەبەرچاوی جیهان پیشانی بدات کە بڕوای بە پێکەوە ژیان و مافی کورد لە خۆبەڕێوەبردن هەیە، ئەنجومەنە کارتۆنییەکانی تەشریعی و تەنفیزی دەڕژێنە پێداوە، کە بارودۆخ وەرچەرخاوە و تەرازووی هێز بەو ئاستە شکاوەتەوە کە دووبارە پارتی بەهێز بێتەوە، جارێکی دیکە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ناچار بوون دان بەوەدا بنێن کە ئەو ئەنجومەنانە کارتۆنین و ئەگەر لەگەڵ پارتی بگەنە ڕێککەوتن هەڵیاندەوەشێنێتەوە، ئەم مێژووە پێمان دەڵێت پڕۆسەی دیموکراتی لەبەرنامە و پڕۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و لەسەر بنەمای بڕوابوون بە جیاوازی فیکری سیاسی و جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی سەرچاوەی گرتووە، بۆیە کاتێك سەیری ناو ئۆرگانەکانی پارتی بەدەڕێژایی شەست ساڵی ڕابردوو دەکەین، دەبینن ئەوانەی لەناو بەرنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەروەدە بوون و بوونە کادری لێوەشاوە بۆ داکۆکیکردن لە مافی گەلی کوردستان و تەنانەت داکۆکیکردن لە مافەکانی عێراقیش لەسەر ئاستی جیهانی، دەبینین کادرەکانی پارتی کاتێك ئەو بەرپرسیاریەتیەیان پێدەدرێت زۆر بە گیانێکی لێبوردەییەوە ئەو ئەرکە لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و گەلی عێراق پیادە دەکەن، ئەمەی باسی دەکەین پیاهەڵدان بە سیاسەت و بەرنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، بەڵکو بەڵگەی سەرکەوتنی دیپلۆماتیەتی عێراقییە لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا، لە ماوەی ٧ ساڵی ڕابردوودا کە یەکێك لە کادرە لێوەشاوەکانی پارتی بەڕێز هۆشیار زێباری پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بەڕێوە دەبات و سەرۆکایەتی دیپلۆماسیەتی عێراق لەسەر ئاستی جیهان دەکات، هیچ کاتێك لە

هەر بەرنامە و پڕۆگرامێکی پارتی دیموکراتی کوردستانیش فاکتەری سەرەکی بووە بۆ پاراستنی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان و ڕێزگرتن لە جیاوازی بیروبۆچوونی سیاسی

ـــــەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا

ـــــدیدەکانی پارتی وەک نموونە

پرۆسەی دیموکراتی لەبەرنامە و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و لەسەر بنەمای بڕوابوون بە جیاوازی فیکری سیاسی و جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی سەرچاوەی گرتووە

و دیپلۆماتـــی عێراقـــدا، کۆماری عێراق لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ســـەنگ و شکۆی نەبووە، ئەمە یەکەمجارە دەوڵەتی عێراق لەماوەی ٧ ساڵدا هیچ تەنگژەیەکی لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دراوسێی دروست نەکردبێت، ئەگەر دروســتیش بووبێت، زۆر هێمنانە و سەردەمیانە چارەسەرکراون.

هەوڵەکانی پارتی بۆ بونیادی دیموکراتی لەناوخۆی پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا لەوانەیــە هەندێك کەس کە ئەم نووســینە دەخوێننەوە و ئێمە باسی پابەندبوونی پارتی بەدیموکراتیەوە دەکەین، لەوانەیە لێمان بپرسن ئایــا پارتی دیموکراتی کوردســتان هیچ کەموکورتی نییە، یان ئایا مەبەســتمانە بڵێین پارتی لەهەموو حزبەکانی کوردستان باشــترە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە خزمەتێکی زۆری هۆشــیاری سیاســی هەرتاکێکی کوردســتان هەروەها تاکێکــی عێراق بۆ تێگەیشــتن لەماناو چەمکی دیموکراتی دەکات، ئەگەر زۆر بە وردی لەســەر ئەو پرســیارە هەڵوەستە بکەین، دەبینین ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەخوێنەری خۆمانی بڵێین تەواو جیاوازە لەو مەزندە و پرســیارانەی لەم پرســەدا رووبەڕوومانی دەکەنەوە، بۆیە بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:

١ - کاتێك ئامــاژە بۆ پارتی وەك حزبێك کە بــڕوای بەدیموکراتی هەیــە دەکەین، مەبەســتمان ئەوەیە بە خوێنەرانی خۆمان بڵێیــن کە دەبێــت حزبەکانی دیکەش وەك پارتی کاتێك ڕەخنەی ئاراســتە دەکرێت، هێندە پشــوو فراوانبێت ڕێــز لە ڕەخنەکە بگرێــت و ڕەخنــە وەك هۆکاریــك بــۆ ڕاســتکردنەوەی کەموکورتییەکان ســەیر بکات، نەك بەوجۆرە سەیری بکات کە ئەو ڕەخنەیە بۆ سڕینەوەی پارتییە.

٢ - کاتێك دەڵێیــن هەوڵەکانی پارتی بۆ ئەوەیە چەمکی بڕوابــوون بە دیموکراتی بخاتە ناو پارتە سیاسییەکانی کوردستان، مەبەستمان ئەوەیە خوێنەرانی خۆمان لەو ڕاســتیە ئاگادار بکەینــەوە کە جیاوازی نەتەوەیی ئایینی، بیروبۆچوونی سیاسیی، لەبەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بــە موراديفی باش و خراپ بەکار نایەت، لەبەر ئەوەی پارتی بڕوای بەوەیە دەکرێت جیاوازییــەکان لەژێر چەترەی نیشــتمانی کۆبکرێنــەوە و هەموو پێکەوە بەرگری لە ناسنامەی نیشــتمانی کوردستان بکەین، هەربۆیــە لە قەناعەتــی پارتی و بەپێی ئەو بەرنامەیەی سیاســەتی لەسەر پیادە دەکات، پارتــی پێیوایــە بــاش و خراپ لــە ژێر چەترێکدا کۆنابنــەوە، دەبێت یان هەوڵبدرێــت خراپەکە بکرێتــە باش و ڕێز لە جیاوازییەکانــی بگیرێت و ئەویش ڕێز لە جیــاوازی ئەوانی دیکــە بگرێت، یان دەبێــت بەهەموو لایەك ئــەو خراپە لەناو پرۆسە سیاســییەکە دووربخرێتەوە، کەواتە لە پرۆگرامی پارتیدا پۆلێنکردن لەســەر بنەمای باش و خراپ نییە، هەتا بەوجۆرە قسە بکەین کە پارتی باشە و ئەوانی دیکە خراپن، پارتی لەسەر هەقە و ئەوانی دیکە ناهەقن، نەخێر مێژووی زیاتر لە شەســت ســاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان دەڵێت لــە فەرهەنگی سیاســیی پارتیدا باش و خراپ بۆ ئەو لایەنانە بەکار نایەت کــە دەیەوێت لەژێر چەترەی نیشــتمانیدا خەبات بۆ ئامانجە نیشتمانییەکانی گەلی کوردســتان بــکات، بەڵکو ئەو کەســە و لایەن بە خراپ لەقەڵەمدەدرێت، کە خۆی بەخواســتی خۆی ژێر چەترەی نیشتمانی کوردســتان بەجێبێڵێت و لــە ژێر چەترەی بەرژەوەندییەکی دیکەدا دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان ڕابوەستێتەوە.

٣ - لــە پرۆگرامی پارتــی دیموکراتی کوردستاندا پۆلێنکردن لەسەر باش و خراپ و هەق و باتڵ نەبێت، باشە پرسیار ئەوەیە ئەی پارتی چــۆن بەرامبەر پۆلێن دەکات و چۆن بەرنامەی خۆی بە جەماوەرەکەی دەگەیەنێت و چۆن پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن و حزبــی بۆخــۆی دەکات؟ وەڵامی ئەم پرســیارەش تێگەیشــتنی لە ماناو ڕۆڵی حزبی دیموکراتی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەبێت، بۆیــە ڕاشــکاوانە دەڵێین پارتی هەموو لایەنە سیاسییەکانی ژێری چەترەی نیشتمانی و بەشدار لە پرۆسە سیاسییەکە بە باش لە قەڵەم دەدات و داوا دەکات بوار بۆ هەڵبژاردنی باشتر یان باشترین بۆ گەل بەجێ بهێڵرێت، ئەمەش ئەو قەناعەتەیە کە چۆن لنکۆڵن هەوڵیــداوە گەلی ئەمریکا فێری دیموکراتی بکات، بارزانی نەمریش هەوڵیداوە گەلی کوردستان و گەلانی عێراق فێری دیموکراتی بکات کە ((کە دەنگی گەل هەموو شتێکە و کەس بەدەنگی گەل نائومێــد نابێت و بــێ دەنگی گەل هیچ شتێك ســەرکەتوو نابێت))، پرسیار لێرەدا ئەوەیــە ئایا چۆن هیچ کــەس و لایەنێك بە دەنگی گەل نائومێد نابێت، لە کاتێکدا کــە گەل متمانەی خــۆی پێنادات؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە گەل سیفەتی باشی لێوەردەگرێتەوەو لە خانەی خراپدا پۆلێنی دەکاتەوە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیاردا دەڵێین نەخێر لای گەلیش پۆلێنکردنەوە لەســەر ئاســتی باش و خراپ نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی باش و باشتر یان باشترین حکومی خــۆی دەدات، بۆیــە لەو کاتــەی گەل بەگشــتی یان بۆ نموونە لەم هەڵبژاردنە بڵێین گەلی کوردســتان کاتێك کەمترین دەنگ بە لایەنێکی سیاسی دەدات، نابێت لایەنە سیاســییەکە بــەم حوکمەی گەل ناڕەزایی دەربڕێت، لەبەر ئەوەی گەل کە دەنگی کەمی پێداوە لە ناو پرۆســە سیاســییەکە نەیکردۆتــە دەرەوە، بــەڵام لەبری ئەوەی متمانەی ئەوەی پێبکات کە نوێنەرایەتی دەســەڵاتی گەل بکات، متمانەی ئەوەی داوەتــێ چاودێری ئەو نوێنەرایتdیە بکە کە گەل وەك نوێنەری خۆی نوێنەرایەتی دەســەڵاتی خۆی پێداوە، لەم هاوکێشەیەدا کە پێویســتە زیاتر هەڵوەستە بکەین، سەیر بکەین، ئــەوەی گەل دەنگی زۆری پێداوە،

دەبێت حزبەکانی دیکەش وەک پارتی کاتێک ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت، هێندە پشوو فراوانبێت ڕێز لە ڕەخنەکە بگرێت و ڕەخنە وەک هۆکاریک بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکورتییەکان سەیر بکات

پارتی بڕوای بەوەیە دەکرێت جیاوازییەکان لەژێر چەترەی نیشتمانی کۆبکرێنەوە و هەموو پێکەوە بەرگری لە ناسنامەی نیشتمانی کوردستان بکەین

گەل بەشایستەی دەزانێت کە رووبەڕووی بەرپرسیاریەتێکی گەورەی دەکاتەوە، ئەوەی کەمترین دەنگی پێداوە، دەیکاتەوە بە چاودێر بەسەر ئەو لایەنەی کە زۆرترین دەنگی پێداوە، بۆ ئەوەی بەخۆیدا بچێتەوە و بەرنامەی بەدیلی جیاواز بەرهەمبهێنێتەوە بۆ خولەکانی دیکەی هەڵبژاردن گەل متمانەی دەسەڵاتی پێبداتەوە و چاودێرێکیشی بەسەرەوە دابنێتەوە، ئەم حوکمەی گەل لە ناو پرۆسە دیموکراسیەکەدا دوو پۆستی بۆ رکەبارەکان داناوە کە ململانێی لەسەر بکەن، ئەوانیش پۆستەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە، لای گەل هیچ کام لەم دوو پۆستە لەوی دیکەیان گرنگتر نییە، بەڵکو بوونی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بە تەواوکاری یەکتری دەزانێت، هەربۆیە کاتێك لایەنی دەسەڵاتدار لەو بەڵێنانە لادەدات کە لە هەڵبژاردندا گەل بەدەنگی ئۆپۆزسیۆن دێنە سەرشەقامەکان و دەبێتە لایەنگیری ئۆپۆزسیۆن، بۆیە کاتێك گەل بەم ئاستە پۆستەکانی هەڵسوڕاندی حکومڕانی خۆی بە نوێنەرەکانی دەسپێرێت، ئەوا ئەو لایەنە سیاسییانەی بە حکومدانی گەل لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە نائومێد دەبن یان بە متمانە وەرگرتنی گەل لە خۆبایی دەبن، ئەوا ئەسڵەن لە ماناو چەمکی دیموکراتی تێنەگەیشتوون، لە هەردوو حاڵەتدا نائومێد بوون و لە خۆبایی بوون بە جۆرێك لە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان لە قەڵەم دەدرێت، بارزانی نەمر کە سیمبول و باوکی نەتەوەیی گەلی کوردستانە، لەو کاتەی کە گەلی کوردستان بە کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان و تەنانەت ئەو عەرەبانەشی لە کوردستان دەژیان، چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی شۆڕشی ئەیلولەوە گرێدەدایەوە، ئەو کە تەنها نازناوێك بە شایستەی خۆی زانیبێت، ئەوە بووە شەرەفی خزمەتکاری گەلی کوردستانی پێبدرێت، ئەم کولتوورەی بارزانی بۆ تێگەیشتن لە دیموکراتی لەناو گەلی کوردستان پیادەی کرد، رێزگرتنی لە جیاوازییەکانی کردە نەریت، ئەو نەریتەی ئێستا ئێمە پێی دەڵێین لێبوردەیی و ناسنامەی خۆمانی پێ پیشانی جیهان دەدەین. سەیرکەن بەرنامە و میژووی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن لەرێگەی بڕوابوونی بە ئیرادەی گەلەوە کولتووری دیموکراتی لە کۆمەڵگەی کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

٤- پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرئاستی مامەڵەکردنی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق خاوەنی ئەزموونێکی درێژی سیاسەتکردنە لە عێراقدا، بۆیە کاتێك متمانەی خۆمان دەدەینە هاوپەیمانی کوردستانی و لە ناو هاوپەیمانی کوردستانیشدا کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێرین، ئەوا لەو مەسەلەیە دڵنیا دەبین کە لایەنە سیاسییەکانی ئەوجا سوننە بن یان شیعە، دەزانن پارتی دیموکراتی کوردستان لە دانوستاندن و چارەسەرکردنی کێشەکاندا رەچاوی هەندێك پرانسیپ و بنەما دەکات، کە هیچ پێویست ناکات لایەنی بەرامبەر جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سەری، تەنانەت سەرۆك ئۆباما لەماوەی کەمتر لە هەشت

بارزانی نەمریش هەوڵیداوە گەلی کوردستان و گەلانی عێراق فێری دیموکراتی بکات کە ((کە دەنگی گەل هەموو شتێکە و کەس بەدەنگی گەل نائومێد نابێت و بێ دەنگی گەل هیچ شتێک سەرکەتوو نابێت))،

دوای ئەوەی بە فەرمی لە کۆشکی سپی بەیانی دەرکرد کە ئیدارەی ئەمریکی پابەندە بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و مادەی ١٤٠ی ناو ئەو دەستوورە، ئینجا سەرۆک بارزانی چووە واشنتۆن و لەگەڵ سەرۆک ئۆباما کۆبۆوە

مانگدا ئەم هەقیقەتەی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ دەرکەوت و تێگەیشت گوشار خستنە سەر سەرۆك بارزانی بۆ لادان یان سازشکردن لەسەر ئەو پرانسیپ و بنەمایانەی قوتابخانەی بارزانی نەمر فێریکردووە، کارێکی مەحاڵە، بۆیە هەوڵیدا باشتر لەو خاڵەوە لەگەڵ سەرۆك بارزانی وتوویژی سیاسی دەست پێبکات کە سەرۆك بارزانی دەتوانێت قسەیان لەسەر بکات، بۆیە دوای ئەوەی بە فەرمی لە کۆشکی سپی بەیانی دەرکرد کە ئیدارەی ئەمریکی پابەندە بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و مادەی ١٤٠ی ناو ئەو دەستوورە، ئینجا سەرۆك بارزانی چووە واشنتۆن و لەگەڵ سەرۆك ئۆباما کۆبۆوە لەوێش بەهەموو جیهانی راگەیاند ئەگەر دەتانەوێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بمێنینەوە، دەبێت مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، پێشتریش لەسەردەمی حکومەتی کاتی عێراق و دواتریش کە بەشداریمان لە پرۆسەی سیاسی عێراق کردوو لەبەر بوونی مادەی ٥٨ ی یاساکاتی بۆ قۆناخی ئینتقالی، مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بووە، کەواتە بۆ ئەوەی کێشە چارەنووسسازەکانمان لە دەستێکی ئەمیندا بن، دەبێت دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستان و بە کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین.

پارتی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات

وەك دوو بڕیاری گەل سەیر دەکات

کە نێچیرڤانی بارزانی لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ بۆ یەکەمجار پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی لە کوردستان پیادەکرد، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان بەو شێوەیە وەسفمان کرد((ئەم هەنگاوەت جوانترین وانەی دیموکراسی

نێچیرڤان بارزانی لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩ بۆ یەکەمجار پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی لە کوردستان پیادەکرد

فێرکردین) ئەو کات و ئێستاش پێمانوابوو کە دیموکراتی بریتی نییە لەوەی ئەوەی لەبەرژەوەندی خۆتە بانگێشەی بۆ بکەیت و ئەوەی دژی بەرژەوەندی خۆت بوو بیانووی بۆ بدۆزیتەوە یان جێبەجێی نەکەیت، ئەو بوێرییەی نێچیرڤان بارزانی لە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات نواندی، رەگی جۆرە سیستەمێکی لە کوردستان داکوتا، کە حکومەت سیستەم، حکومەت یاسا و دامەزراوەیە، ئەوجا نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیران بێت یان کەسێکی دیکە، بۆیە سبەینێ ئەگەر د.بەرهەمیش پۆستەکەی تەواو بوو و تەسلیمی یەکێکی دیکەی کردەوە، حکومەت هەر بەو سیستەمە کاردەکات و هەر ئەو دامەزراوە و یاسایانە هەڵیدەسوڕێنن کە نێچیرڤان بارزانی بناخەی بۆ دارشتوون و نەوەکانی داهاتوو ئەو رێگەیە تەواو دەکەن.

ئێستا پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەردەم قۆناخێکی دیکەدایە، ئەویش راهێنانی کارکردنی پێکەوەیی نێوان فراکسیۆنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا، ئەم ئەرکە ئەگەر لەم قۆناخە ناسکەدا پارتی سەرۆکایەتیەکەی لە ئەستۆ نەگرتایە، لە پێناویدا قوربانی بۆ نەدایە، زۆر زەحمەت بوو بتوانرێت ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لە ژێر سەقفی یەك پەرلەماندا کۆبکرێنەوە، لێرەدا کە دەڵێین ئەگەر پارتی لەم قۆناخەدا ئەم ئەرکەی نەگرتایە ئەستۆ، نەدەتوانرا ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات پێکەوە کۆبکرێنەوە؟ مەبەستمان ئەوە نییە سەرۆکی پەرلەمان کە یەکێکە لە کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هێزێکی گەورەی لە پشتە و کەس ناوێرێت لە رووبدا قسە بکات، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان کادرێکی پارتی نەبوایە، هێندە پشوو درێژ نەدەبوو بتوانێت هاوسەنگی لە ناو جیاوازییەکاندا رابگرێت و نموونەیەکی جوان و شایستەی پەرلەمان لەسەر ئاستی ناوچەکە پێشکەشی جیهان بکات، هۆکاری ئەم زەحمەتییەی ئاماژەی پێدەکەین، هەردوو لایان فراکسیۆنەکانی دەسەڵات (فراکسیۆنی کوردستانی) هەروەها لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن((گۆڕان، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی)) هیچ لایەکیان بەو ئاستە لەسەر پێکەوە کارکردن و تەواوکاری یەکتری نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات کامڵ نەبوون، کە دەشڵێین کامڵ نەبوون مەبەستمان کاملبوونە بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی راگرتنی هاوسەنگی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، مەبەستمان ئەوەیە زۆرجار وەك هەموو لایەك لەشاشەی تیڤییەکانەوە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەبینین، هەست دەکەین بەشێك لەو موناقەشانەی لەناو هۆڵی پەرلەماندا دروست دەبن، جیاوازی دروستکرا و یان پێداگرتنی زیاد لە پێویستی پێوە دیارە، ئەمەش وایکردووە کە لەچەندین دانیشتنی هەستیار بۆ بڕیاردان لەسەر کێشە گرنگەکان نەتوانراوە خاڵی هاوبەش لە نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بدۆزرێتەوە و ئۆپۆزسیۆن هۆڵی پەرلەمانی بەجێهێشتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەم هەڵسوکەوتانە نەبوونەتە هۆکاری ئەوەی کە پەرلەمان بە ئاستێك ئاژاوەی تێبکەوێت، کە زۆرجار فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان خۆیان ئومێدی بۆ دەخوازن.

سەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەماوەی چەند مانگی رابردوو لە راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان فراکسیۆنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، خەریکە کەلچەرێکی دیکە لە کۆمەڵگەی کوردستان دەچەسپێنێت، ئەویش پێکەوە کارکردنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتە و پاراستنی مافی ئۆپۆزسیۆنی کەمینەیە لەبەردەم زۆرایەتی فراکسیۆنی دەسەڵاتدا. لەوانەیە بۆ ئێمەی رۆژنامەنووسان ئەو راستیە ئاشکرا بێت، کە سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمانی کوردستان لە ژێر گوشاری ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانیدایە بەوەی لەو راگرتنی هاوسەنگییە بەو ئاستە رازی نین کە زۆرجار مافی زۆرینەی هەڵبژاردن پێشێل دەکات لە پێناوی ئەوەی بڕیار و یاساکانی پەرلەمان بەشداری فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنیشی تیدابێت، ئەمە نەك هەر لە دەنگدانی ناو پەرلەمان رەچاو کراوە و کاری پێدەکرێت، بەڵکو لە سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکانی ناو پەرلەمانیشدا مافی کەمینە لەبەر چاو گیراوە و سەرۆکایەتی لیژنەکان دابەشکراون نەك بەپێی دەنگدانی زۆرینە و کەمینە پێکهێنرابن، ئەم شێوازی کارکردنەی ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کاری پێدەکات، بەرهەمی دوو خاڵە:

١ -بەرهەمی ئەو پەروەردەکردنەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان کادرەکانی خۆی پێ پەروەردە کات.

٢ - بەرهەمی ئەزموونی پارتییە لە چۆنییەتی حکومڕانی و هەڵبژاردنی کەسە شیاوەکان بۆ شوێنە شیاوەکان.

ئەم ئەزموونەش هاوشانی ئەزموونی سیستەمی حکومڕانی باش لە کوردستان بەرهەمێکی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردستان و جیاوازییەکی دیکەی پارتییە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا، بۆیە گرنگە بزانین لەسەر سندوقی دەنگدان ئەو راستیەمان لەبیر نەچێت کە پێویستە دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین.

ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان کادرێکی پارتی نەبوایە، هێندە پشوو درێژ نەدەبوو بتوانێت هاوسەنگی لە ناو جیاوازییەکاندا رابگرێت

پرۆفیسـۆر ئالان سیك ئوستادی زانستی سیاسـەته له زانكۆی لەندەن و پسـپۆر و تایبەتمەنده لەسەر دیراسـاتی سیاسی ناوچەكانی سلاڤی و رۆژهەڵاتی ئەورپا، لەم بوارانەدا(سیستمی پارتایەتی،ئاكاری هەڵبژاردن، سیستمی هەڵبژاردن،) بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە گرنگانەو چۆنیەتی هەڵسـوراندنی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن و بونیادی دیموكراسی پرۆفیسۆر سیك بەمجۆرە بۆ گۆڵان هاتە ئاخاوتن.

ئالان سیک بۆ گۆڵان:

رووداني توندوتيژي له هەڵمەتەكاني هەڵبژاردندا نيشانەي ئەوەيە كلتوري ديموكراتي هێشتا لەو كۆمەڵگايەنە رەگي دانەكوتاوە

ناتوانیت له كۆمەڵگەیەكی نادیموكراتیدا پارتگەلێكی سیاسی دیموكراتیت هەبێت

*** زۆرجار له وڵاته تازەگەشـەكردووەكاندا، هەڵمەتـی هەڵبژاردنـەكان توندوتیـژی لێدەكەوێتەوە، هەندێ جار بە ئاستێك دەگات كە پاڵێوراوەكان هەوڵ بـۆ لەناوبردن بدەن، بۆچی ئـەم حاڵەتە لەم وڵاتانـەدا بەدی دەكرێت؟**

- ئەمە لەبەر دوو هۆ ڕووددەدات، یەكەمیان لەبەر ئـەوەی كەلتوری دیموكراسـی لەم وڵات و كۆمەڵگەیانەدا ڕەگ و ڕیشەیەكی قوڵیان نییە، دووەم لەبەر ئەوەی گرتنەدەستی دەسـەڵات هێـز و كاریگەرییەكی گەورە بە پارتـی دەسـەڵاتدار دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت سـەرلەنوێ بونیادی كۆمەڵگە بەو شـێوەیە دابڕژێتەوە كە پێی وایە خزمەت بە بەرژەوەندییەكانی دەكات، بۆ نموونە بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییەكانی خۆی دەسـتور دەنوسێتەوە. ئەمەش دۆخێك دروست دەكات كە ڕەنگە پارتە سیاسییەكان ئامادەبن پەنا بۆ تونـدوتیژی ببەن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. لەبەر ئـەوە گرنگە پارتە براوەكان خۆیان بە براوەی هەمیشـەیی نەزانن، بە هەمان شێوە تیرۆانینـی پارتە شكسـتخواردووەكانیش ئەوەنەبێـت كە بۆ هەمیشـە لـە دەرەوەی دەسـەڵات دەمێننەوە. دەبێت هەردوولا ئەو ڕاسـتییەیان لەبەرچاوبێت كە سەقامگیری خزمەت بەبەرژەوەندییەكانـی هەردوولایان دەكات.

*** بەڵام شارەزایانی زانسـتە سیاسییەكان پێیان وایە دیموكراسـی ناوخـۆی پارتی سیاسییەكان گرنگترە لە دیموكراسی لە ناو كۆمەڵگەدا، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن بتوانرێت دیموكراسی لە ناو پارتە سیاسییەكاندا بنیات بنرێت؟**

- لە ڕاسـتیدا زەحمەتـە بتوانین لە وڵاتە دیموكراسـییەكاندا پارتە سیاسییەكان و و حكومەت لە یەك جیابكەینەوە، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسییەكان حكومەت پێكدەهێنن، ئەوان سیاسـەتی حكومەت دادەڕێژن، لە هەمان كاتدا دەبێت ملكەچی ڕێساكانی گەمەكەبن كە لەلایەن حكومەتەوە دادەڕێژرێت، كەواتە ئەمە پرۆسـەیەكی دوو سەرەیە. بەڵام من پێم وایە هەردووكیـان گرنگن لەبەر ئەوەی ناتوانیت لـە كۆمەڵگەیەكی نادیموكراتیدا پارتگەلێكی سیاسـی دیموكراتیت هەبێت، هەروەها كۆمەڵگە دیموكراسی نابێت ئەگەر هاتوو پارتە سیاسییەكانی ئەو كۆمەڵگەیە پارتگەلێكی شمولی بوون. لە لایەكی دیكەوە پارتە سیاسـییەكان گرنگترین ڕێكخراوی كۆمەڵگـە دیموكراتییـە هاوچەرخەكانن، بە چەشـنێك نمونەیەك شكنابەین كە تێیدا سیسـتمە دیموكراسـییەكە سـەركەوتنی بەدەستهێنابێت بێ بوونی پارتە سیاسییەكان. هەندێك دەڵێن ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەكان هۆكارێكە بۆ نوێبوونەوەی كۆمەڵگە، ئەوە ڕاستە، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەمە زەحمەتە لەبەر ئەوەی ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەكان ڕەنگدانـەوەی ئەو ئایدۆلۆژیا زاڵەیە كە لە كۆمەڵگەكـەدا هەیە، واتـە تاوەكو خودی كۆمەڵگە خۆی پشـتگیری ئەم پرۆسەیە نەكات ئەوا پارتە سیاسـییەكان ناتوانن لە ئەركی نوێكردنەوەی كۆمەڵگەدا سەركەوتن بەدەست بهێنن.

*** ئێمـە دەزانین لـەو كۆمەڵگایانەی لە قۆناغی ئینتیقالیدان، بە چەشنی دامەزراوە حكومییـەكان پارتە سیاسـییەكانیش بەم قۆناغەدا تێدەپەڕن، پرسیارەكە ئەوەیە چۆن قۆناغـی ئینتیقالی پارتە سیاسـییەكان دیاری دەكرێت؟**

- دەبێـت ئـەم ئاڵۆگـۆڕە و تێپەڕاندنـی قۆناغی ئینتیقالییە لە یەك كاتدا كۆمەڵگە و پارتە سیاسـییەكان بگرێتـەوە، هەروەها هەندێ جـار پارتە سیاسـییەكان خوازیارن ڕەوتـی گۆڕانكارییەكـە خێراتر بێت لەوەی كۆمەڵگـە خوازیاریەتی، بـەڵام لە هەندێ بارودۆخـی دیكەدا بە پێچەوانـەوە دەبینین كۆمەڵگە پەرۆشی گۆڕانكارییەكی خێرایە، كەچی پارتە سیاسـییەكان لەم ڕووەوە بە دوو دڵییەوە ڕەفتار دەكەن، بە چەشنی ئەو پارتە كۆمۆنیستیانەی كە حكومڕانێتیان دەكرد لەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر حوكمی كۆمۆنیستیدا بوون، مەبەسـتم ئەوەیە ئەم پارتە سیاسـییە

حکومرانانە کەمتر پەرۆشی ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییانە بوون کە شۆڕشە دژە کۆمۆنیستیەکان هەوڵیان بۆ هێنانەدیان دەدا.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك چۆنیەتی پەردەلادان لەسەر کەموکوڕییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر دیاری کردنی جۆری پارتە سیاسییەکان؟**

- ئاشکراکردن و خستنەڕووی کەموکوڕی و کێشەکان یەکێکە لە ئەرك و وەزیفە زۆر گرنگەکانی پارتە بەرهەڵستکارەکان، بەڵام ئەگەر خوازیاری ئەوەبین دیموکراسییەکی سەقامگیرمان هەبێت، ئەوا بە چاوپۆشین لەوەی ئاستی موعارەزەبوو و بەرهەڵستی کردنی حکومەت چەندە، دەبێت پارتە موعارەزەکان پابەند و ملکەچی ڕێساکانی گەمەکە بن، واتە هەرچەندە هەڵدەستن بە ڕەخنەگرتن و دەرخستنی کەموکوڕییەکان، بەڵام کاریگەری زۆر مەترسیدار دەبێت ئەگەر ڕێساکانی گەمە ڕەتبکەنەوە. بە زۆری پارتە موعارەزەکان پەنا بۆ ڕەخنەگرتن دەبەن، لەبری ئەوەی بەرنامەیەکی بەدیل بخەنەڕوو کە میسداقیەتی هەبێت، چونکە ئەمە زیاتر دەبێتەهۆی ڕاکێشانی جەماوەر، بەڵام من لێرەدا دەڵێم کاریگەی زۆر گرنگە ئەگەر ڕەخنەگرتن هاوشان بێت بە بوونی بەرنامەیەکی بەدیلی کە ڕاستگۆیی تێدابێت. هەرچۆنێك بێت نابێت موعارەزە لە کاتی ڕەخنەگرتندا بنەماکانی سیستمە سیاسییەکە ڕەتبکاتەوە، واتە دەبێت لە چوارچێوەی ملکەچی و پابەندبوون بە ڕێساکانی گەمەکەوە هەڵبستێت بە ئەداکردنی ئەرکەکانی و بە ئاراستەکردنی ڕەخنەکانی، نابێت کارەکانی ببێتەهۆی لاوازکردنی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا.

*** پارتە سیاسییەکان کە بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، بە پارتێکی پێشکەوتوو دادەنرێن، بەڵام هەر یەکەیان بەرنامەی جیاوازی خۆیانیان هەیە، هەروەها دەنگدەران لەسەر بنەمای باشی و خراپیان هەڵیان دەسەنگێنن، بەڵام ئەمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووندتیژی و پشێوی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە لە عێراقدا بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانەوە تووندتیژی بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەکانە یاخود دەرئەنجامی نەبوونی کەلتوری دیموکراسییە؟**

- لە ڕاستیدا پاساوهێنانەوە بۆ پەنابردنەبەر تووندتیژی کاریگەی زەحمەتە، لە هەمان کاتدا ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی تووندتیژی لە بەرژەوەندی تێکڕای پارتە سیاسییەکاندایە و دەبێت ئەم پارتانەش کار بۆ ئەوە بکەن کە خۆیان لەم مومارەسەیە بە دووربگرن، چونکە تووندتیژی دەبێتەهۆی لەناوبردنی بنەما دیموکراسییەکان. لەم ڕوانگەیەوە گرنگە پارتە سیاسییەکان لە سایەی هیچ هەلومەرجێکدا بیر لەم پەنابردن بۆ ئەم ڕێگاچارەیە نەکەنەوە و دان بەخۆیاندا بگرن، چونکە ئەمە لە مەودای دووردا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکات.

*** ئایا پارتە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری بوونی ئەم پەیوەندییە چییە؟**

- پێم وایە دوو ڕووی یەك دراون، لەبەر ئەوەی هەردوولایان پەیوەندییان بە کەلتوری سیاسی زاڵی ناو کۆمەڵگەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی ڕەفتاری پارتە سیاسییەکان کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بە پێچەوانەشەوە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بکەم کە بوونی ڕێکخراوگەلێکی چالاك لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا زۆر گرنگە بۆ ڕووبەڕبوونەوەی گەندەڵی، لەبەر ئەوەی هەمیشە پارتە سیاسییەکان تەنانەت لە دیموکراتیترین وڵاتی دنیادا سوودەمەندن لەبوونی گەندەڵی. لە لایەکی دیکەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دەتوانن لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گرنگ ببینن، لەبەر ئەوە گرنگە ڕێگەنەدرێت لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

ئەگەر خوازیاری ئەوەبین دیموکراسییەکی سەقامگیرمان هەبێت، ئەوا بە چاوپۆشین لەوەی ئاستی موعارەزەبوو و بەرهەڵستی کردنی حکومەت چەندە، دەبێت پارتە موعارەزەکان پابەند و ملکەچی ڕێساکانی گەمەکە بن

پرۆفیسـۆر ئەندرێ میلۆسۆڤیچ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کیف لە ئۆکرانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستمی پارتە سیاسییەکان لە دەوڵەتانی پۆسـت کۆمۆنیسـتدا، بۆ قسـەکردن لەسـەر سروشتی و ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەکان و کاریگەری سیستمی پارتەسیاسییەکان لە بونیادی دیموکراتی، پرۆفیسۆر میلۆسۆڤیچ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

ئەندری میلۆسۆڤیچ بۆ گوڵان:

پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەکانیان نادەن بەڵکو هەوڵی چاککردنیان دەدەن، ئەمە بە پێچەوانەی پارتە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە بە قۆناغی ئینتقیالیدا دەڕۆن

*** کاتێك باسی بونیادی دیموکراتی دەکەین، یەکسەر پارتە سیاسـییەکان دەبنە توخمی سـەرەکی لە یاسـەکەدا، پرسـیاری ئێمە ئەوەیە ئایا پارتە سیاسـییەکان چۆن دەبنە هۆکاری سـەرەکی بۆ بونیادی دیموکراتی لە کۆمەڵگەدا؟**

- ئەمە پرسـیارێکی زۆر باشە، من نازانم ئێـوە ئـاگاداری ئەدەبیاتی پەیوەسـت بە پارتە سیاسـییەکانن، یان نا، بەڵام نزیکەی سـەد ساڵ پێش ئێسـتا رۆبەرتۆ میتیشیل باسی لە «یاسای ئاسنینی ئۆلیگارکی» کردووە، مەبەست لەم دەستەواژەیە ئەوەیە بە چاوپۆشین گرنگ نییە لە سەرەتادا پارتێکی سیاسـیی دیموکراتی و یەکسانخواز بێت، بەڵام دواتر و بە تێپەڕبوونی کات نوخبەیەك لە ناو پارتە سیاسـییەکاندا سەرهەڵدەدەن و هەوڵدەدەن دریژە و بەردەوامی بە دەسـەڵات بدەن، واتە ئەو نوخبەیە دروست دەبێت کە پێی دەڵێت ئۆلیگارك. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەوڵـدراوە رێگری لەم حاڵەتە بکرێت، ئەویش کاتێك شـێوازی سازادانی هەڵبژاردنی ناوخۆی ناو پارتە سیاسییەکان پیادەکـرا، بۆ ئـەوەی پاڵێـوراوی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسـەیەکی ناوخۆییدا و لە پرۆسـەیەکی دیموکراتیدا دەستنیشـان بکرێن، ئەمە لە بری ئەوەی بۆ هەمیشـە تەنها سـەرکردەیەك یاخود نوخبەیەك بێنە پاڵێوراوی پارتەکە. شێوازێکی دیکە بریتیە لەوەی پارتـە سیاسـییەکان پاڵێوراوەکانی خۆیان بخەنەڕوو، کە مەرج نییە لە پرۆسەی دەنگداندا تێکڕای ئەم پاڵێوراوانە متمانەی دەنگدەرانیان پێبدرێـت. کەواتە بە تێڕوانین لە حاڵەتـی بوونی سـەرکردەیەکی بەهێز و کاریزمـی لە ناو پارتێکی سیاسـیدا کە کۆنترۆڵـی پرۆسـەی بڕیاردانـی لە ناو پارتەکەدا کردبێت، ناکرێت بەو پارتە بووترێت پارتێکـی دیموکراتـی، بەڵکو ئـەو پارتە مەیلێکی دیکتاتۆریانەی تێدایە.

*** لـەو کۆمەڵگایانـەی لـە قۆناغـی ئینتیقالیـدان، بـە چەشـنی دامـەزراوە حکومییـەکان پارتە سیاسـییەکانیش بەم قۆناغەدا تێدەپەڕن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن قۆناغـی ئینتیقالی پارتە سیاسـییەکان دیاری دەکرێت؟**

- پرسیارەکانتان پرسیاری باشن و لە هەمان کاتدا پرسیاری قورسیشن، پێموایە بیرۆکەی بنەڕەتـی ئەوەیە بە شـێوەیەکی گشـتی لـە وڵاتانی رۆژئـاوای ئەورووپـادا پارتە سیاسییەکان کەمتر پارتی ئایدۆلۆجین، من نالێم هیچ توخم و رەگەزێکی ئایدۆلۆجی لە ناو پارتە سیاسـییەکاندا بوونی نییە، یاخود لـەڕووی ئایدۆلۆجیەوە هیـچ جیاوازییەك بەدی ناکرێت، بۆ نموونە جیاوازی لە نێوان پارتە سۆشیال دیموکرتەکان و پارتە مەسیحیە دیموکراتەکانی ئەورووپا هەیە. بەڵکو ئەوەی بـەدی دەکرێت ئەوەیە پارتە سیاسـییەکان پتر شـوێنکەوتووی ناخبەکان یاخود بنکە کۆمەڵایەتیەکەیانـن، واتە ئـەوەی زیاتر لەبەرچاو دەگیرێت و ئیعتیباری بۆ دەکرێت، ئەوەی ئایا تا چ رادەیەك پارتێکی سیاسی دیاریکراو دەرفەتی ئەوەی هەیە نوێنەرایەتی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە بکات، ئایا تا چ رادەیەك بنکەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە دەتوانێت پشـتی پێببەسـتێت. واتە لەم رۆژگارەدا ئایدۆلۆجیـا رۆڵێکی کەمتر لە دارشـتنی سیاسـەتدا دەبینێت، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بە کۆمەڵگە دیموکراسییەکانی رۆژئاوا دەکەین، چونکە ئەو کۆمەڵگەیانەی بە قۆناغـی ئینتیقالیدا تێدەپـەڕن تەواو جیـاوازن، لەبەر ئەوەی ئـەم کۆمەڵگەیانە هەموو چیـن و توێژێکیان تێدایە، ئەمەش هەلومەرجێـك دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی پارتی ئایدۆلـۆژی دروسـت بێت، واتـە پارتە سیاسییەکان لەم کۆمەڵگەیانەدا پتر مەیلی ئەوەیـان هەیە ببنە پارتـی ئایدۆلۆژی و

براگماتی. له لایەکی دیکەوە ئێوە پرسیار لە رۆڵی ئایدلۆژیای پارتەکان دەکەن لە گۆڕینی کۆمەڵگەدا، دووبارە دەبێت لێرەدا جیاوازی بکەین، پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەکانیان نادەن، بەڵکو هەوڵی چاککردنیان دەدەن، ئەمە بە پێچەوانەی پارتە سیاسییەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قۆناغی ئینتقالیدا دەڕۆن.

*** سەبارەت بە سیستمی پارتە سیاسییەکان ئایا تاچەند ئەم سیستمە سیاستی حکومڕانێتی دیاری دەکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە، لە راستیدا فیکرە گشتییەکە ئەوەیە بوونی سیستمێکی پارتایەتی، یان سیستمی پارتە سیاسییەکان کە سیستمێکی پێشکەوتوو و بە دامەزراوەیی کراوێت، بە یەکێك لە مەرج و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی دادەنرێت، بە چەشنێك دەتوانین ئەوە بڵێین کە زۆرینەی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان، ئەو کۆمەڵگەیانەی دیموکراسیەتێکی درێژخایەن و سەقامگیر و دیرێنیان تێدا بەرقەرارە، خاوەنی ئەم جۆرە سیستمە پێشکەوتوو و بە دامەزراوەییکراوەن، واتە لە کۆمەڵگەدا کۆمەڵە و ڕێسا و ڕێوشوێنێکی سیاسی دیاریکراو هەن، وەك چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و مەسەلەی دابینکردنی دارایی پارتە سیاسییەکان و هتد. لە لایەکی دیکەوە مەسەلەی گۆڕینی ئایدۆلۆجیای پارتە سیاسییە جیاوازەکان هەیە بۆ بەرنامە و بۆ سیاسەتی گشتی، هەرچەندە ئەمە پرۆسەیەکی قورسیشە، بۆ نموونە با گریمانەی ئەوەبکەین پارتێکی سیاسی توانیتی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و زیاتر لە سەدا پەنجای دەنگەکان مسۆگەر بکات و بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا ئەم پارتە کە بە تەنها جڵەوی حکومڕانێتی بەدەستەوەیە بە ئاسانی دەتوانێت ئایدۆلۆژیا و بیروبۆچوونەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ بەرنامەی حکومەت و بۆ سیاسەتی گشتی وڵاتەکە، بەڵام ئەگەر هاتوو چەند پارتێکی سیاسی جیاواز هەر یەکەیان ڕێژەیەکی دیاریکراوی دەنگەکانیان بەدەستهێنا و هیچ پارت و لایەنێك نەیتوانی بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا ناچاردەبن هاوپەیمانێتی دروست بکەن بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنن و کاروبارەکان بەڕێوەببەن، ئەوکاتە پێویستە ئەم لایەنە جیاوازانە هەڵبستن بە خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششەکانیان بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێکی مام ناوەندی و بگەنە سازشێك، چونکە هیچ پارتێك کە بەشداری حکومەتی کردبێت، ناتوانێت بەو شێوەیە کارورباڕەکان بەڕێوەببات کە پێیوایە لەگەڵ بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیدا دەگونجێت، چونکە لایەنی دیکەش هەن دەبێت کاریگەری و ڕۆڵیان لەم پرۆسەیەدا هەبێت.

*** ئایا چۆن پارتەکانی موعارەزە پابەند دەبن بە کولتوور و فەرهەنگی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتەوە؟**

- پرسیارەکەی ئێوە پەیوەستە بە کولتووری سیاسی کۆمەڵگەوە، کە ئەم کولتوورەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕێت، نەتەوە دیموکراتەکان پەرەیان بە کولتوورێکی دیموکراتی داوە، مەبەستم ئەو کولتوورەیە کە تێیدا ئەوە ڕادەگەیەنرێت کە ڕەنگە من هاوڕانەبم لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی تۆدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش من ڕێز لە بیروبۆچوونەکانت دەگرم. لەبەر ئەوە بۆ پەرەپێدانی کولتووری دیموکراسی، دەبێت ڕێز لە بوونی بیروڕای جیاواز بگیرێت، هەروەها لەم چوارچێوەیەدا دەبێت ڕێ بە بوونی موعارەزە بدرێت، بۆ ئەوەی حکومەت بخاتە ژێر چاودێری و بەرپرسیارێتیەوە، واتە نابێت حکومەت موعارەزە سەرکوتبکات، لە هەمان کاتدا موعارەزەش بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیە، دەبێت موعارەزەیەکی بنیاتنەر بێت و هەوڵی تەحەددداکردنی ڕێساکانی گەمە دیموکراتیەکە نەدات.

*** پارتە سیاسییەکان کە بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکە و لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، بە پارێکی پێشکەوتوو دادەنرێن، بەڵام هەر یەکەیان بەرنامەی جیاوازی خۆیانیان هەیە، هەروەها دەنگدەران لەسەر بنەمای باشی و خراپیان هەڵیان دەسەنگێنن، بەڵام ئەمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووندتیژی و پشێوی لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە لە عێراقدا بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانەوە تووندتیژی بەرەو هەڵکشان دەچێت، ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای پارتە سیاسییەکانە، یاخود دەرئەنجامی نەبوونی کولتووری دیموکراسیە؟**

- دووبارە ئەمە پەیوەستە بە پرسی کولتووری سیاسییەوە، مەبەستم ئەوەیە دیموکراسی لە کولتوورێکدا گەشە ناکات و بەرەوپێش ناچێت، ئەگەر ئەو کولتوورە لەسەر ڕق و قینە بنیاتنرابێت، هەروەها دیموکراسی لە کولتوورێکدا گەورە نابێت ئەگەر ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاواز نەگیرێت و ئەگەر بوار بە گوزارشتکردن لە بیروڕای جیاواز نەدرێت، لە ڕاستیدا ئەمە پرۆسەیەکی زۆر درێژخایەنە، مەبەستم ئەوەیە بنیاتنانی دیموکراسی یاخود کولتووری دیموکراسی پێویستە بە دەیان ساڵ و ڕەنگە پێویستی بە سەد ساڵ هەبێت، لە ڕاستیدا من نازانم دەکرێت لەم ڕووەوە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە کولتووڕە دروست بکرێت، بەڵام من لێرەدا ئەوە دەڵێم کە ڕەنگە ئەگەر لایەن و کەسایەتییە سیاسییەکان ڕێز لە تیرۆانین و بیروبۆچوونی جیاوازی لایەنەکانی دیکە بگرن، کە لێرەدا من دەڵێم ڕێزگرتن، چونکە مەرجی بوونە دیموکراسی ئەوەنییە کە هەموولایەك وەك یەك بیربکەنەوە، واتە ئەگەر ئەم حاڵەتە لە نێو سیاسییەکاندا دروست بێت، ئەوا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەوەی کۆمەڵگە و نەتەوەکەش هەمان ڕەوت و ئاڕاستە بگرنەبەر. هەروەها من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەمیشە ئەگەری ئەوەیە هەیە گەمە بە هەست و ئیرادەی خەڵك بکرێت، ئەم ئەگەرە لە هەموو وڵاتەکاندا وارد، بەڵام تاوەکو خەڵکی زیاتر ئاستی پەوردەییان بەرزتربێت و باشتر دەستیان بە زانیاری بگات، ئەوا باشتر دەتوانن بەرهەڵستی ئەم کارە بکەن. لە ڕاستیدا پارتە سیاسییەکان بەش و پێکهاتەیەکی زۆر گرنگن لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئێوە لە پرسیارێکانتاندا باستان لەوەکرد ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان چیە لە کۆمەڵگەدا، من دەتوانم بڵێم ئەمە دەقا و دەق ئەو ڕۆڵەیە کە دەبێت پارتە سیاسییەکان ببینن، هەروەها بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامم داون تاوەکو کۆمەڵگەی دیموکراسی گەشەکردوتر بێت، ئەوا دیموکراسی زیاتر بەرەوپێشدەچێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هەموو جیهان چاودێری عێراق و کوردستان دەکات و لە ڕاستیدا ئێوە بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕن و ئومێدی سەرکەوتنان بۆ دەکەم.

تورکیا و گەڕان بەدوای ناسنامەیەکی ناسوپاییدا



فەرید ئەسەسەرد

دوو هەفتە جارێک دەینووسێ

لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە سوپا لەتورکیا دەست لەسیاسەت وەردەدا. مێژووی عوسمانی نیشانی دەدا کە تا سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم سوپا گەورەترین تەگەرە بووە لەبەردەم چاکسازی. ئەرکی لەکۆڵ خۆکردنەوەی تەگەرەی سوپا کە لەسەر دەستی سوڵتان مەحمودی دووەم هاتە دی، بەئاسانی نەهاتە دی. دەوڵەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی سوپای یەنی چەری نرخێکی زۆری داو ڕێوشوێنی بێ بەزەییانەی لەم بارەیەوە بەکار هێنا.

بەڵام هەڵوەشاندنەوەی یەنی چەری کۆتایی بە ڕۆڵی سوپا لەسیاسەتدا نەهێنا. تورکیای ئەمڕۆ زادەی هەوڵ و کۆششی سوپایە کەسەرکەوتنی بەسەر یۆنانییەکاندا هێناو ئزمیری لێ سەندنەوەو هاوپەیمانەکانی بردە سەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر. کێشەی ئێستای تورکیا لەوەدایە کە لەدیموکراسیدا سوپا ملکەچی سەرکردایەتییە مەدەنییەکەیەو هیچ ڕۆڵێکی لەسیاسەتدا نیەو ئەگەر تورکیا بیەوێ وەک بەشێکی جیهانی دیموکرات بمێنێتەوە دەبێ سوپا لەسیاسەت دور بخاتەوە.

بێگومان نە سوپای ئێستای تورکیا یەنی چەرییەکەی جارانەو نە سەرەک وەزیران ئەردۆگانیش سوڵتان مەحمودی دووەمە. بەڵام ئەو پەیوەندییە گرژەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەنێوان یەنی چەری و سوڵتان مەحموددا هەبو، ئەمڕۆ لەنێوان سوپاو ئەردوگاندا هەیە. لەم بارەیەوە ئەردۆگان هیچ بەرنامەیەکی بۆ پاکتاوکردنی سوپا نیەو بیریش لەئەلتەرناتیف ناکاتەوە. ئەوپەڕەکەی کەئەو هەوڵی بەدی هێنانی دەدا، دورخستنەوەی سوپایە لەسیاسەت کەئەمەش لەناوەڕۆکدا بەو مانایە دێ کەدەبێ سوپا ملکەچی دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی مەدەنی بێ و سیاسەت بۆ سیاسەتمەداران بەجێ بێڵێ. ئەگەر ئەمە هاتە دی، دەکرێ سوپاو حکومەت بەبێ سڵکردنەوە لەیەکتری، پێکەوە بژین.

تائێستا سوپا گەورەترین تەگەرەیە لەبەردەم چاکسازیدا. چاکسازیی چاوەڕوانکراویش بەبێ گۆڕینی دەستور هیچ بەهایەکی نیە. بەڵام بەوەی کەسوپا گۆڕینی دەستور بەهێڵی سور دادەنێ، هەر هەنگاوێك لەم بارەیەوە بڕێکی زۆر مەترسیی تێدایە. ڕاپۆرتی ١٠ی شوباتی پەرلەمانی ئەوروپا بەئاشکرا داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستوری تورکیا دەکاو بەلەمپەری بەردەم چاکسازی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی دادەنێ. ڕاپۆرتەکە پێی وایە ئەو پڕۆژە دەستورەی کەپاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٧ هەڵپەسێردرا، بایەخێکی تایبەتی هەیەو تورکیا زۆر پێویستی پێیەتی. بەڵام کێشەکە تەنها پەیوەندیی بەدەستورەوە نیە کەپێویستی بەگۆڕینە بەڵکو هەندێ یاساش دەگرێتەوە لەوانە یاسای حزبە سیاسییەکان کەرەخنەیەکی زۆری لێ دەگیرێ و بەیاسایەکی خراپ دادەنرێ. ئەوروپاییەکان لەو بڕوایە دان کەیاسای حزبەکان لەتورکیا بەپیر پێداویستییە دیموکراتییەکانەوە ناچێ و پێویستی بەوە هەیە کەپەیڕەوی لەو پێوەرانە بکا کەکۆمیسیۆنی ڤینیسیای سەر بەئەنجومەنی ئەوروپا ئامادەی کردون.

ڕەوشی یاسایی لەتورکیا لەڕەوشی یاساییی هیچ وڵاتێك ناچێ. یاساکان بەجۆرێك داڕێژراون کە لەکاتی پێویستدا دەتوانرێ بۆ سنوردارکردنی ئازادییەکان سودیان لێ وەربگیرێ. کێشەی ڕۆژنامەنوس ویداد کورشون لێی ڕادەبینرێ بتوانێ بەشێوەیەکی چڕ گوزارشت لەمەسەلەکە بکا. ڕۆژی ١٩ی شوبات دادگای دیاربەکر دوای ئەوەی کە ١٠٥ تۆمەتی خستە پاڵ ڕۆژنامەنوسەکە، حوکمی ٥٢٥ ساڵ زیندانیی بۆ دەرکرد. ئەم چەشنە یاسایانە بەکەڵکی ئەم سەردەمە نایەن و ئەگەر تورکیا دەیەوێ جێیەکی شایستە لەسەدەی ٢١دا بۆ خۆی بدۆزێتەوە، دەبێ لەگۆڕینی یاساکان و دەستورەوە دەست پێ بکا. بەدڵنیاییەوە گۆڕینی یاساکان و دەستور بەدڵی سوپا نیە بەڵام کاتی ئەوە هاتوە گیانی عەسکەرتاریایی پشو بداو سوپا ملکەچی دەسەڵاتی مەدەنی بێ. ئەم سەردەمی عەسکەرتاریا نیە.